تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5939) دووشەمە 24ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

بارودۆخی سیاسیی عێراق و دواپێن هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەت تاوتوێکران

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکات



دوێنێ یەکشەمە 2020/2/23 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە خاتوو هنیس جنین پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی عێراق و دواپێن هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق و هەڕەشە و تەحەددیاتی بەردەم پڕۆسەی سیاسیی عێراق تاوتوێ کران و هەردوولا نیگەرانیی خۆیان لە قوڵتربوونی قەیرانی سیاسیی عێراق ڕاگەیاند.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بیروڕا لەبارەی ئەگەر و چارەسەرەکان بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی سیاسی و ڕاستەڕێکردنی پڕۆسەی سیاسیی عێراق ئاڵوگۆڕ کرا و جەختیش لە ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی پڕۆسەی سیاسیی عێراق کرایەوە.

شاندی دانوستانکاری هەرێم لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە

سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا گوتی: بڕیارە ئەمڕۆ شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن و تێبینا باسی ئەنجامی سەردانەکە دەکەن و کامە بژاردە بۆ کورد باش بێت بڕیار لەوە دەدەن.

فارس عیسا، سەرۆکی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: گفتوگۆکانی نێوان شاندی کورد لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو و لایەنەکانی بەغدا بەردەوامە و لێکنزیکبوونەوە دروستبووە و دوو ڕۆژی دیکە مۆڵەت دراوە بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک و ڕۆژی چوارشەمە دەنگ بە کابینەی نوێ بدرێت و سەرۆکوەزیرانی نوێش نەرمیی نواندووە. فارس عیسا گوتیشی: بڕیارە ئەمڕۆ شاندی هەرێمی کوردستان بگەڕێنەوە هەرێم و لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆ ببنەوە و تێبینا باس لە ئەنجامی سەردانەکە دەکەن و هەموو بژاردەکان دەخەنە ڕوو، کامەیان بۆ کورد باشتر بێت ئەوە هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەوەی گرنگە تا ئێستا کورد یەکگرتووە.

مەسرور بارزانی بۆ ڕۆژنامەی La Republica ی ئیتاڵی:

قەداسەتی پاپا پێزانینی هەبوو بۆ ئەو کارانەی ئێمە ئەنجامی دەدەین

لە عێراق فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانەوەی تیرۆر ماون



ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئیتاڵی (لە ریپوبلیکا) چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لە گەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی ئەنجامداوە لەبارەی سەردانەکەی بۆ ئیتاڵیا و دیدارە گرنگەکەی لەگەڵ پاپا فرەنسیس پاپای ڤاتیکان و سەرۆکوەزیران و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ئیتاڵیا، لەو چاوپێکەوتنەدا کە ڕۆژنامەوانی ناسراوی ئیتاڵی ڤینچێنتسۆ نیگرۆ ئەنجامی داوە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە مەترسییەکانی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ئاسایشی جیهان دەکات. **(دەقی چاوپێکەوتنەکە لە ل3 بخوێنەوە)**



مەحموود عوسمان هۆشداری لەبارەی حکوومەتی داهاتووی عێراق دەدات

لایەنەکان خەریکی ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق و سیاسەتمەدارێکی کوردیش پێی وایە، هیچ حکوومەتێک لە عێراق سەر ناگرێت تا میلیشیا دەسەلاتی هەبێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

عوسمان بایدەمیر: پەرلەمانی کوردستان هی کورد و تورکمان و مەسیحی و ئێزیدییەکانە

دوای ئەوەی دوێنێ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کورد، کۆبوونەوە، دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بایدەمیر سەرسامیی خۆی بە نموونەی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستان و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی، هاوکات گوتیشی پەرلەمانی کوردستان هی سەرجەم پێکهاتەکانە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

چوارەمین کۆنگرەی ئاسایی هەدەپە بەڕێوەچوو



دوێنێ یەکشەمە لە شاری ئەنقەرە چوارەمین کۆنگرەی ئاسایی هەدەپە بەڕێوەچوو کە تیایدا هەریەکە لە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە بازنەی ئادانا، تولای هاتمئۆغلۆلاری ئۆروچ و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە بازنەی باتمان، مەهمەت ڕوشتو بە هاوسەرۆکانی دیوانی پارتەکە هەڵبژێردران. تولای هاتمئۆغلۆلاری ئۆروچ لەمیانی لێدوانێکیدا ڕەخنەی لە دۆخی ئێستا گرت و گوتی: تورکیا چ لە ڕووی ئابووری و سیاسی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە خراپترین ڕەوشی دایە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

گرفتی دانا غاز چارەسەرکرا و کارەبای نیشتمانی ئاسایی بووەوە

ئێوارەی دوێنێ 23/2/2020 ڕاگەیاندنی وەزارەتی کارەبا ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی چارەسەر کردنی گرفتی دانا غاز ئاسایی بوونەوەی کارەبای نیشتمانی ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و کۆپیەکی بۆ خەبات نێردراوە، ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

هاوبەشانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە دوای ئەوەی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ بەهۆی گرفتێکی تەکنیکی لە وێستگەی دانا غاز بەرهەمهێنانی غاز کەمبووەوە کاریگەریی لەسەر ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا کرد، ئەم ئێوارەیە دوای هەوڵێکی زۆری دانا غاز و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و وەزارەتی کارەبا گرفتی تەکنیکی وێستگەکە چارەسەرکراو تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم بەهاوکاری لەگەڵ تیمەکانی کۆنترۆڵی کارەبای پارێزگاکانی کوردستان توانیان دۆخی کارەبای نیشتمانی ئاسایی بکەنەوە و ڕێگا نەدەن گرفتەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت.

داواکاریی هەولێر لەبەرچاو نەگیرێت فراکسیۆنە کوردییەکان بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق ناکەن

پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێ، زۆربەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەشداری لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقدا ناکەن، ئەگەر داواکاریی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو نەگیرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



هەولێر.. باغی شار بووەتە پەناگەیەک بۆ بێنەوایان

شەوانە ژمارەیەک هاوولاتیی بێنەوا لە بەردەم دوکانەکانی باغی شار لە هەولێر جێگای خەوتن ڕادەخەن و لەم شوێنە دەخەون، هەر یەک لەم هاوولاتییانە کێشەیەکی تایبەتی هەیە و زۆربەشیان بێ ماڵ و حاڵن و ژن و منداڵیان نییە. لە دوای کاتژمێر 12ی شەوەوە، هەریەک لەو بێنەوایانە، بۆخۆیان و پێخەفی خەوتنیان، ڕوو دەکەنە ژێر دوکانەکانی باغی شار و، سەرەتا بۆ کەمتر هەست بە سەرماکردن، کارتۆنێک ڕادەخەن و دواتر پێخەفی خەوتنیان ڕادەخەن و تا بەیانی لە بەردەم ئەم دوکانانەدا دەخەون. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



ئێران.. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە زیادیان کردووە

بەگوێرەی ئامارەکانی دوێنێ یەکشەمە، لە ئێران 15 حاڵەتی نوێی توشبوون بە کۆرۆنا تۆمارکراون، تا ئێستاش هەشت کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

شاندی هەرێمی کوردستان لە بەغدا سەرکەوتوو بوون

شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەمەد تۆفیق عەلاوی کۆبوونەوە و ئەندامێکی شاندەکەش سەرکەوتنی دانوستانەکانی تا ئێستا ڕاگەیاند. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ وەزیری تەندروستی بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت

ئەمڕۆ دووشەمە، وەزیری تەندروستیی بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت لەبارەی ئامادەکارییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی لەڕێی تەلەفۆنەوە سەرەخۆشی لە خانەوادەی دلاوەر ئاغای جوندیانی دەکات

دوێنێ یەکشەممە 2020/2/23 سەرۆک مەسعود بارزانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز ئازاد جوندیانی، سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری دلاوەر ئاغا جوندیانی کەسایەتیی نیشتیمانپەروەر و وەفاداری ڕێبازی بارزانی و کوردایەتی کرد کە ڕۆژی 2020/2/22 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

خەمیس خەنجەر: دەبێت تایبەتمەندیی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت



سەرۆکی پرۆژەی عەرەبی خەمیس خەنجەر، لەبارەی حکوومەتەکەی عەلاوی ڕایدەگەیەنێت پێشکەشکردنی کابینەی وزاری بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ شاندی کوردی هەڕەشەیە بۆ سەر شەراکەتی نیشتمانی. بەگوێرەی کوردستان24 خەمیس خەنجەر ڕایگەیاندووە پێشکەشکردنی کابینەکەی عەلاوی بۆ متمانەوەرگرتن لەلایەن پەرلەماوە بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ شاندی کوردی، هەڕەشەیە بۆ سەر شەراکەتی نیشتمانی. دەشڵێت: پێویستە لە پرۆسەی پێکهێنانی حکوومەتدا، تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو بگیرێت. خەمیس خەنجەر ڕوونیشی دەکاتەوە دەبێت هەموان لە پرۆسەی متمانەدان بە حکوومەت هاوبەش بن، ئەگەر نا دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت.

ئەندامێکی لیژنەی دانوستانکار:

شاندی هەرێمی کوردستان لە بەغدا سەرکەوتوو بوون

شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ محەمەد تۆفیق عەلاوی کۆبوونەوە و ئەندامێکی شاندەکەش سەرکەوتنی دانوستانەکانی تا ئێستا ڕاگەیاند. زەیا پترۆس سلێوە، ئەندامی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەکە لە چوارچێوەی گفتوگۆکانی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی عێراقە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی محەمەد تۆفیق عەلاوی. هاوکات محەمەد سەعەدین، ئەندامی لیژنەی دانوستانکار بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەو گوشارە سیاسییەی کردییان بۆ گەڕانەوەی شاندی دانوستانکار بۆ هەولێر و ڕاگرتنی گفتوگۆکان، بێچوونی عەلاوی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و دانانی وەزیرەکانی هەرێمی کوردستان دیاری بکات. دووپاتیشی کردەوە: شاندی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکانی لەگەڵ بەغدا سەرکەوتوو بوو.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە عوسمان بایدەمیر کرد



سەرلەبەیانیی دوێنێ یەکشەممە 2020/2/23 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کورد لە تورکیا کرد. لە دیدارەکەدا کە مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و ژمارەیەک لە سەرۆک فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی دیوانی پەرلەمان ئامادەی بوون، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خۆی و پەرلەمانی کوردستانەوە بەخێرهاتنی عوسمان بایدەمیری کرد و کورتەیەکی لەسەر کار و پێکهاتە و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی کوردستان و کاری لیژنەکان خستەڕوو. لە لایەن خۆیەوە عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کورد خۆشحاڵیی خۆی بەو پێشوازییە گەرمە دەربڕی و سەرسامیی خۆی بەمنوونەی دیموکراسییەتی هەرێمی کوردستان و ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییانەیەی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و سەرجەم گەلانی ناوچەکە لە رایگەیاند: ئەو نمونەیەی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان.

پاشان هەردوولا تاووتوێی ڕەوشی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیان کرد و جەختیان لە یەکگرتوویی کوردان کردەوە و هیوایان خواست سەرجەم کێشەکان بەڕێگەی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێن و سەرجەم گەلانی ناوچەکە لە ئارامی و ئاسوودەییدا بژین، پاشان لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە قەڵغانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش بە عوسمان بایدەمیر کرا لەپای ئەو خەبات و ماندووبوونەی لەپێناو گەلی کورد ئەنجامیان داوە.

دوابەدوای کۆبوونەوەکەش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕاشیگەیاند: کە ئێستا پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتیی تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان سەبارەت بە پرسی کورد لە تورکیا جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: ئێمە سووربن لەسەر ئەوەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ پرسی کورد لە باکووری کوردستان هەبێت لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزگرتن و لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باشتر لەگەڵ گەلانی تریش لەناوچەکە.

عوسمان بایدەمیر: پەرلەمانی کوردستان هی کورد و تورکمان و مەسیحی و ئێزیدییەکانە



دوای ئەوەی دوێنێ یەکشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کورد، کۆبوونەوە، دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کورد خۆشحاڵیی خۆی بە پێشوازییەکە دەربڕی و سەرسامی خۆیشی بە نمونەی دیموکراسییەت لە هەرێمی کوردستان و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی، هاوکات گوتیشی پەرلەمانی کوردستان هی سەرجەم پێکهاتەکانە، بایدەمیر لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا ڕاشیگەیاند: ئەو نمونەیەی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ هەموو پارچەکانی تری کوردستان، بایدەمیر ڕاشیگەیاند: جارێکی دیکە بەچاوی خۆم بینیم کە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی هەموو کوردانە و هەم تورکمانانە و هەم ئەرمەنانە و هەم مەسیحییانە و هەم محەمەدییانە و هەم ئێزدییانە، ئەو شتەی ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە.

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد گوتیشی: من زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بە ڕێککەوتن و هاوبەش و تێگەیشتن خەباتی پەرلەمانی بەردەوامە، من لە هەولێر و سلێمانی و بەغدا سەردانی لایەنەکانم کرد، ئەم ئازادی و ئارامییەی کە ئێستا هەیە، پێشتر نەبووە، ئەمەش پێک نەدەهات و بە قوربانی و خوێنی سەدان شەهید هاتووەتە دی و ئەمنیش وەک ڕۆژهەکی کورد لە بەرانبەر ئەو قوربانیدانەی هەموو شەهیدانی چوار پارچەی کوردستان سەردانەوە کە ئەویش لەپێناو ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەگاو هەڵبگرین و پێشەنگ بین، پارت و حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ئێمە پێکەوە دەتوانین ستراتژییەکی هاوبەش دابڕێژین بۆ ئەوەی ڕێککەوتن و کاری هاوبەش لە نێوان لایەنەکان بەدی بێت و ئەو ڕێککەوتنەش بێتە بنەمایەک بۆ ئارامی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، هەتا شەڕ و کوشتن نەمێنێت و گرفتەکان لەڕێگەی دانوستانەوە چارەسەر بکرێن و هیوادارم هەرکەس لەم پێناوادا هەرچی لەدەستی دێت دریغی نەکات. لەبارەی ڕۆڵی سەرۆک بارزانی لە لێک نزیککردنەوەی لایەنە کوردستانییەکان عوسمان بایدەمیر گوتی: ڕۆڵی سەرۆک بارزانی بۆ یەکبوونی کوردان لەهەر چوار پارچە گەلەک گەلەک گرنگە.

ئەمڕۆ وەزیری تەندروستی بانگهێشتی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت



دکتۆر سەباح ڕێبازی، سەرۆکی لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە، وەزیری تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت لەبارەی ئامادەکارییەکانی بەرەنگاربوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا، چونکە کۆرۆنا گەیشتووەتە ئێران و وەک بڵاوکراوەتەوە لە پارێزگای زیقاریش حاڵەتێک تۆمار کراوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێویستە هەرێمی کوردستان لە ئامادەباشیدا بێت بۆ ئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بکرێت.

سەرۆکی لیژنەی تەندروستی گوتیشی: ئێمە ئەمڕۆ لەگەڵ وەزیری تەندروستی باس لە وردەکاریی خۆئامادەکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، چونکە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ ڕێکاری پێویستیان گرتووەتە بەر و پێویستە هەرچی لە توانادایە بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی خەڵکی ئێمە سەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

زێباری جەختیشی کردەوە: نابێت هاوڵاتیان لە ڕووی دەروونییەوە تووشی دڵەڕاوکێ بێن، بەڵکوو پێویستە ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە جێبەجێ بکەن و هەر ڕێکارێکیش پێویست بێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکرێت.

د. محەمەد شاکر: داواکاریی هەولێر لەبەرچاو نەگیرێت فراکسیۆنە کوردییەکان بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق ناکەن



پەرلەمانتارێکی پارتی دەڵێ، زۆربەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بەشداری لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراقدا ناکەن، ئەگەر داواکاریی هەرێمی کوردستان لە بەرچاو نەگیرێت.

دکتۆر محەمەد شاکر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: لە ڕووی دەستوورییەوە ئێستا پەرلەمانی عێراق لە پشووداید و چەند ڕێکارێک هەن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت، لەوانەش داواکردنی کۆبوونەوە لەلایەن سەرۆکوەزیرانی دەستلەکارکێشاوەی عێراق یانیش سەرۆککۆمار دەتوانێت داوای کۆبوونەوە بکات، بەپێی ماددەی 57ی دەستوور ڕێگایەکی دیکەش هەیە ئەویش پەنجا پەرلەمانتار دەتوانن داوای کۆبوونەوە بکەن، بەڵام پێویستە 48 کاتژمێر بەر لە دەستپێکردنی کۆبوونەوەی پەرلەمان سیڤیی وەزیرەکان بگاتە دەست پەرلەمان و بەرنامەی حکوومەت دیار بێت.

پەرلەمانتارەکەی پارتی گوتیشی: تا ئێستا نەک ئێمە لە بەرنامەی حکوومەتی نوێ نازانین، بەڵکوو ناوی وەزیرەکانیش دیار نییە، هەندێ ناو بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام ئەو ناوانە پشتڕاست نەکراونەتەوە. دکتۆر محەمەد ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: ئێمە وەک پارتی بەو شێوازەی ئێستا باسی دەکرێت بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بۆ متمانەدان بە کابینەی عەللاوی ناکەین، پەرلەمانتارە کوردەکانی دیکەش هەمان هەڵوێستیان هەیە و بایکۆتی کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەن.

پەیوەست بە هۆکاری نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەنێوان شاندی کوردی و عەلاوی، شاکر دەڵێت: هۆکاری نەگەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە دەمانەوێ پشکی کورد لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقدا لەلایەن دەزگا فەرمییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دیاری بکرێت، ئەوە بۆچوونی هەرێمی کوردستانە و ئەگەر بێت و نەگەن بە ڕێککەوتن، ئەوە بە دووری نابینین کورد بایکۆتی حکوومەتی محەمەد تۆفیق عەلاوی بکات، ئەوە بۆچوونی ئێمەیە وەک پارتی و زۆربەی لایەنە کوردستانییەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە.



مەسرور بارزانی بۆ ڕۆژنامەی la Repubblica ی ئیتاڵی:

قەداسەتی پاپا پێزانینی هەبوو بۆ ئەو کارانەی ئێمە ئەنجامی دەدەین

هەرێمی کوردستان لە دەستوری عێراقدا قەوارەیەکی جێگیرە

ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئیتاڵی (لە ریپوبلیکا) چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی ئەنجامداوە لەبارەی سەردانەکەی بۆ ئیتاڵیا و دیدارە گرنگەکەی لەگەڵ پاپا فرەنسیس پاپای قاتیکان و سەرۆکوەزیران و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی ئیتاڵیا، لەو چاوپێکەوتنەدا کە ڕۆژنامەوانی ناسراوی ئیتاڵی ڤینچێنتسۆ نیگرۆ ئەنجامی داوە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان باس لە مەترسییەکانی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ سەر ئاسایشی جیهان دەکات. ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە:

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەوەی هەڕەشەکانی داعش تا چەند جێددین گوتی: داعش لەناونەچووە و لەبنەڕەتەوە لەناونەبراون، لە هەندێک ناوچەی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و هەروەها لە عێراق تائێستا فاکتەرەکانی بەرهەمهێنانەوەی تیرۆر هەرماون.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتگیریی حکوومەتی ئیتاڵیای کرد کە لە ڕووی سەربازی و بەتایبەتی ڕاهێنان بە پێشمەرگە زۆر هاوکارییان پێشکەش کردووە. سەرۆکی حکوومەتی هەرێم دەڵێ: من لە ڕۆما بە بەرپرسانی ئیتاڵی دەڵێم کە ئیتاڵیا وەک بەشێک لە هێزەکانی هاوپەیمانان نابێت عێراق و کوردستان بەجێبهێڵن.

*** چ زانیارییەکتان لەبارەی داعشەوە بە هاوڕێ ئیتاڵییەکانتان دا؟**

-مەسرور بارزانی: داعش بەتەواوی لەناونەچووە، ئێستا خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە، هاوکاری هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و مانەوەیان لە ناوچەکە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، لە کۆبوونەوەکانماندا لە ڕۆما یەکێک لەو بابەتانەی باسمان کرد ئەوە بوو کە پێویستە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە عێراق چاک بکرێت لەپێناو بنبڕکردنی ئەو فاکتەرانەی یارمەتی بەرهەمهێنانەوەی تیرۆریزم بۆ ماوەیەکی درێژخایەن دەدەن، هەژاریی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، دەبنە هۆکاری نزیکبوونەوە لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان و گەشەکردنیان.

*** ماوەیەکە ئاڵوگۆڕییەکان لە ناوچەکەتان گەیشتووەتە لووتکە، بەتایبەتی دوای کوشتنی جەنەرالی ئێرانی قاسم سولەیمانی لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە؟**

-مەسرور بارزانی: ئاشکرایە ئەو ناوچەیەی ئێمە تێیدا دەژین ناوچەیەکی سەختە و ئاسان نییە، بەڵام دەبێت لەگەڵ ڕووداوەکاندا هەڵبکەین و تێیدا بژین.

*** چۆن پەیوەندیتان لەگەڵ ئەمەریکای هاوپەیمان و لە هەمانکاتدا ئێران بەڕێوە دەبەن؟**

-مەسرور بارزانی: ئێران دراوسێمانە و وڵاتێکی زۆر گرنگیی ناوچەکەیە، ئەوان هەوڵ دەدەن بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، ئەمەریکاش هاوپەیمانمان، لە شەڕی دژی تیرۆریزم و هەروەها دواتر بۆ سەقامگیریی ناوچەکە هاوکاریان کردووین. ئێمە لەناو ناوچەیەکداین هەزاران کێشەی هەیە، بەردەوام هەڵمانکردووە و هەر بەردەوامیش دەبین.

*** جەنەراڵ سولەیمانی دانوستاندکارێکی پێداگربوو، وابزانم زۆر جار ئەوتان دیتوە؟**

-مەسرور بارزانی: داعش هەڕەشە بوو بۆ ئێمە لە کوردستان، هەروەها بۆ حکوومەتی بەغدا و عێراق بەگشتی، کاتێکیش بووە مایەی هەڕەشەیەکی ترسناک بۆ عێراق، لە هەمانکاتدا هەڕەشە بوو بۆ ئێرانیش کە دراوسێی ئێمەیە، بۆیە کاتێک داعش بەشێوەیەکی ترسناکانە هێرشی دەکرد، ئێران هەڵوێستی وەرگرت و پەیوەندییەکانی لەگەڵمان پتەوتر کرد، بەڵێ جەنەراڵ قاسم سولەیمانی چەندینجار سەردانی کردووین.

*** بۆچوونی ئێوە لەسەر کوشتنی ئەو چییە؟ لە نێوان ئەمەریکا و ئێران کامیان هەڵدەبژێرن؟**

-مەسرور بارزانی: وەکو گوتم ناوچەکەمان ڕووداوی زۆری تێدا ڕووەدەدەن، بەڵام ئێمە ناتوانین لێی دەربچین و جێی بهێڵین، بۆیە هەمیشە ڕێگاچارەیەکمان دۆزیوەتەوە.

*** ئێوە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوو ساڵ لەمەوبەر کێشەیەکی جدیتان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە بەغدا بۆ دروستبوو، کاتێک هەوڵتاندا ڕێگای جیابوونەوە بگرنەبەر، ئێستا پەیوەندییەکانتان چۆنە؟**

-مەسرور بارزانی: لەگەڵ حکوومەتی پێشووی بەغدا هەبوو، ئێستا لە بەغدا بارودۆخێکی نوێی سیاسی هەیە، ماوەیەکە بە هۆی هەبوونی ناسەقامگیریی، چارەسەری زۆربەی کێشە سیاسییەکان خاوبووە، هەرێمی کوردستان لە دەستووری عێراقدا قەوارەیەکی جێگیرە و دانی پێدا نراوە. بۆیە دەبێت دەستوور وەکو خۆی جێبەجێبکرێت.

*** مەبەستت لە حوکمڕانی و خۆبەڕێوەبردنی خۆتانە؟**

-مەسرور بارزانی: بەڵێ، ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەندێک چاکسازی کارگێڕی و ئابووریمان دەستپێکردووە، بەتایبەتی ئەنجامدانی ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و باشترکردنی دۆخی ئابووری. دەمانەوێ هەماهەنگی زیاتریشمان لەگەڵ بەغدا هەبێت.

*** بەڕێزتان لە ڤاتیکان لەلایەن پاپا فرانسیس و سەرۆکوەزیرانی ڤاتیکان پێترۆ پارۆلین پێشوازیتان لێکرا، ئەمە گرنگی پێدانێکی گەورە بوو بۆ هەرێمێکی بچووکی وەک کوردستان؟**

-مەسرور بارزانی: ئێمە بە قەداسەتی پاپامان ڕاگەیاند کە پابەندین بە ڕێزگرتن لە ئایینە جیاوازەکان و پاراستنی مافی پەیڕەوانی ئایینەکانی وەک کریستیان و ئێزیدییەکان، ئێمە ئێستا میوانداری هەزاران پەنابەر و ئاوارە دەکەین کە لەدەست چەوسانەوە پەنایان بۆ ئێمە هێناوە، ئێمە شانازی بە پێشوازیکردن لە زیاتر لە ملیۆنێک کەس دەکەین.

سوپاسی قەداسەتی پاپا فرەنسیسمان کرد و داوای پشتگیریی و نزامانکرد لەپێناو ژیانێکی خۆشتر و سەقامگیریی، قەداسەتی پاپاش ڕێز و پێزانینی هەبوو بۆ ئەو کارانەی ئێمە ئەنجامی دەدەین.

لە ئیتاڵییەوە: سامان سابونچی

چوارەمین کۆنگرەی ئاسایی هەدەپە بەڕێوەچوو

پەروین بوڵدان: سەرجەم پارتەکان بۆ ڕێککەوتنی دیموکراسی بانگهێشت دەکەین



دوێنێ یەکشەممە لە شاری ئەنقەرە چوارەمین کۆنگرەی ئاسایی هەدەپە بەڕێوەچوو کە تیایدا هەریەکە لە ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە بازنەی ئادانا، تولای هاتمۆغلۆلاری ئۆروچ و ئەندامی پەرلەمانی تورکیا لە بازنەی باتمان، مەهمەت ڕوشتو بە هاوسەرۆکانی دیوانی پارتەکە هەڵبژێردران. تولای هاتمۆغلۆلاری ئۆروچ لەمیانی لێدوانێکیدا ڕەخنەی لە دۆخی ئێستا گرت و گوتی: تورکیا چ لە ڕووی ئابووری و سیاسی و چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە خراپترین ڕەوشی دایە.

دوای ئەویش هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزایی تەمەللی لەمیانی وتەیەکیدا باسی لەوە کرد کە سیستەمی سەرمایەداری لە قەیرانێکی گەوردایەوە و سەرکردەکانی جیهان بۆ تێپەڕاندنی ئەم ڕەوشە لە هەموو شوێنێک پەنا بۆ جەنگ دەبەن، جەختی لەوەش کردەوە کە بەردەوامی بە خەباتی خۆیان لەپێناو بەدیهێنانی قۆناغێکی نوێ بۆ گەلانی تورکیا دەدەن و گوتی: بە گەلانی تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێین: بۆ بەدیهێنانی ئاشتی و دیموکراسی بێنە ناو ڕێککەوتنی دیموکراسییەوە. هەروەها هاوسەرۆکی هەدەپە، پەروین بوڵدان وتاریکی پێشکەشکرد و تیایدا ڕێککەوتنی دۆڵمەباخچەی وەبیرهێنایەوە و وەک ڕێککەوتنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی وەسفی کرد. پەروین بوڵدان وتارەکەیدا ڕەخنەی لە سیاسەتی حکوومەتی ئەنقەرە گرت و گوتی: لە بەرانبەریاندا ڕێککەوتنی گەلانی چەوساوە هەیە، ڕێککەوتنی جزیر و گێزی، ئیستانبوڵ و دیاربەکر و ئیزمیر و هەکاری هەن.

هاوسەرۆکی هەدەپە، پەروین بوڵدان بانگەوازی پشتیوانیکردنی دیموکراسی کرد و گوتی: هەموو لایەنگرانی دیموکراسی، دادپەروەری، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، پێکەوەژیان و خزمەتکردن، هەروەها سەرجەم پارتەکان بۆ ڕێککەوتنی دیموکراسی بانگێشت دەکەین. پەروین بوڵدان جەختی لەوەش کردەوە پێویستە لە تورکیا دەستوورێک دابندرێت کە لە سایەیدا هەموو ناسنامە و بیروباوەڕەکان هەست بە ئاسایش بکەن و گوتی: با دەستوورێک بێنینە ئاراوە کە هیچ ناسنامە و بیروباوەڕێک لەوی دیکە بە گرنگتر نەزانێت، هاوشێوەی ساڵی 1920 پەرلەمانێکی بنیاتنەر پێکبهێنین و دەست بە قۆناغێکی نوێ بکەین. لە کۆنگرەکەدا هەروەها پەیامی هەردوو هاوسەرۆکی پێشووی هەدەپە، سەڵاحەدین دەمیرتاش و فیگەن یوکسەکداغ خوێندرایەوە کە لە ئێستادا لە زیندانداون. هەروەها سرووەدی نیشتمانی تورکیاش لێنەدرا.

مەحموود عوسمان هۆشداری لەبارەی حکوومەتی داهاتووی عێراق دەدات



لایەنەکان خەریکی ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق و سیاسەتمەدارێکی کوردیش پێی وایە، هیچ حکوومەتێک لە عێراق سەر ناگرێت تا میلیشیا دەسەڵاتی هەبێت.

دکتۆر مەحموود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد، بە مانگەپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق، کابینەیەکی لەرزۆک دەبێت و هیچ حکوومەتێک بەو شێوەیە لە عێراق سەر ناگرێت، لەبەر ئەوەی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لە توانای سەرۆکوەزیراندا نییە، لەبەر ئەوەش کورد و سوننە بەشداری بکەن، یان نەیکەن، حکوومەت هەر پێکدێت، بەڵام دواتر هەرزوو تێکدەشەچێت. ئەو سیاسەتمەدارەی کورد دەشڵێت: هێشتا حکوومەت لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێ نەدراوە، کەچی سەدر هەڕەشە دەکات، کەواتە حکوومەتی داهاتووش هەر لە ئێستاوە بەرەو لەناوچوون دەچێت. دکتۆر مەحموود عوسمان ڕوونی کردەوە: پرۆسەی سیاسی لە عێراق شکستی هێناوە و بە پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ چارەسەری کێشەکان ناکرێن، لەبەر ئەوەی عێراق کەوتووەتە دەست میلیشیات و خەڵکێک هەرکاتێک چۆنیان ویست بەرنامەی خۆیان جێبەجێ دەکەن، کەواتە حکوومەت و سەرۆکوەزیران هیچیان بەدەست نییە.

نەرویژ.. کۆنفرانسی نوێنەرایەتیی ئۆسڵۆی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەڕێوەچوو

بە سەرپەرشتی نووسینگەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئەورووپا و بەهاوکاری ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان و کەسایەتیی سیاسی و ئەکادیمی کۆنفرانسی ناوەندی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەڕێوەچوو، سەرەتا لە وتەکەیدا بەناوی نووسینگەی ئەورووپای یەکێتیی ئافرەتان خاتوو فەزیلە شۆڕش بەڕپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ئەورووپا ڕۆڵی ئافرەتانی کوردی بەرز نرخاند بە تایبەت لە ئەورووپا کە شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی بەرچاو دەبینن و هەروەها ڕۆڵێکی شایستە و بەرچاویان لە پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکاندا هەیە، هەروەها باسی لە ئافرەتانی کورد کرد لە یارمەتیدانی شۆڕشەکانی کورد بە تایبەت لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆکایەتیی باوک ڕوحی نەتەوەیی بارزانیی نەمر، ڕۆڵی زمانی دایک و پرسە کۆمەڵایەتییەکان تەوەرێکی دیکەی کۆنفرانسەکە بوون کە تیایدا شوکریە حەمەد و شوعلە حەبیب بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە هەڵوەستەیان لەسەر ئەو پرسانە کرد کە پەیوەستە ڕەوەندی کوردستانی و خێزانی کورد لە ئەورووپا ڕەچاوی بکەن، وەک پارێزگاریکردن لە زمانی دایک، وێڕای چارەسەرکردنی پرس و ڕا کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەت بۆ خێزان و منداڵانی کورد، دوابەدوای ئەمانەش، لەلایەن بەشداربووانەوە چەندین پرسیار و سەرنج ئاڕاستەی لێژنەی سەرپەرشتی کۆنفرانس کران، ئەمیش بە مەبەستی زیادکردنی چالاکی ئافرەتانی کورد لە تاراوگە، دواجاریش لە پرۆسەیەکی دیموکراتی هەڵبژاردنی دەستەی باڵای ئۆسلۆی ئافرەتان دەستپێکرد و دەرگای خۆپاڵاوتن کرایەوە و هەر یەک لە خاتوو زین بەرزنجی و لۆرین بەرواری و کوردستان گوڵی و مۆژدە کۆیی بە زۆرینەی دەنگەکان بوونە ئەندامی دەستەی ئۆسلۆی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان.



چین.. گیانلەدەستدانی نزیکەی سەد کەسی دیکە

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە سەرتاسەری چین گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ دوو هەزار و 444 کەس، ئەوەیش دوای ئەوەی کە نزیکەی سەد کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسەکەوە لەو وڵاتە گیانیان لەدەستدا.

لەوبارەوە دوێنێ یەکشەممە لێژنەی تەندروستی حکوومەتی چین ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لەمیانی زیاتر لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا، نزیکەی سەد کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە چین گیانیان لەدەستداوە.

بەوەیش ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لەسەرتاسەری چین گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ دوو هەزار و 444 کەس. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو کە ژمارەی توشبووان بە ڤایرۆسەکە بەرزبووەتەوە و گەیشتووەتە، 76 هەزار و 936 کەس.

لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەر بە ویلایەتی هوبای جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد، زۆربەی وڵاتانیش هاووڵاتییەکانیان لە چین گواستەوە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند.



ڕوحانی داوای پاڕێزگاریکردن لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەکات

سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی داوای لە لایەنەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی کرد هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ لەپێناو پاڕێزگاریکردن لە ڕێککەوتنەکە. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتیی کۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی پێشوازیی لە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا، ستیڤ بلۆک کرد.

حەسەن ڕوحانی ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی دەستکەوتێک بوو بۆ ناوچەکە و جیهان. بەگوتەی ڕوحانی، ئەمەریکا بە کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی زیانی بە گەلی ئەمەریکا، ناوچەکە و جیهان گەیاندووە.

ئاشکراشی کردووە پێویستە هەموو هەوڵێکمان بخەینە گەڕ لەپێناو پاڕێزگاریکردن لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. سەرکۆماری ئێران تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی سزاکانی واشنتۆن بۆ سەر تاران هەردوو بواری دەرمان و خۆراکیشی گرتووەتەوە و داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی کردووە ئیدانەی گوشارەکانی واشنتۆن بۆ سەر وڵاتەکەی بکەن.

لای خۆیەوە وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا، ستیڤ بلۆک جەختی لە گرنگیی ڕێککەوتنی ئەتۆمی کردووەتەوە و ڕوونیکردووەتەوە، وڵاتەکەی هەموو هەوڵێکی دەخاتەگەڕ لەپێناو پاڕێزگاریکردن لە ڕێککەوتنەکە. ستیڤ بلۆک ڕایگەیاندووە: دەرچوونی ئەمەریکا لە ڕێککەوتنی ئەمەریکی ڕاست نەبوو، بە ڕوونی ئەوەمان بە ئەمەریکییەکان ڕاگەیاند.



ئێران.. ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە زیادیان کردووە

بەگوێرەی ئامارەکانی دوێنێ یەکشەممە، لە ئێران 15 حاڵەتی نوێی توشبوون بە کۆرۆنا تۆمارکراون، تا ئێستاش هەشت کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. بەرپرسی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانوش جیهانپور لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ کەنالی فەرمی تاران ڕایگەیاندووە: 15 حاڵەتی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمار کراون، بەمەش ژمارەی توشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە 43 کەس، هەشت کەسیش بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. جیهانپور لەبارەی ئەو پارێزگایانەی کە حاڵەتە نوێکانیان تیادا تۆمار کراوە ئاشکرای کرد حەوتیان لە پارێزگای قوم، چواریان لە تاران، دوویان لە گیلان، یەکێکیان لە مەرکەزی و یەکێکی دیکەشیان لە مازندەران بووە.

کوێت ڕێگا بە کەشتییەکانی ئێران نادات لە بەندەرەکانی لەنگەر بگرن

حکوومەتی کوێت ڕایگەیاند کە لە چوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ڕێگا بەو کەشتییانە نادات لە بەندەرەکانی وڵاتەکەی لەنگەر بگرن کە لە ئێرانەوە ڕوو لەو وڵاتە دەکەن.

دەستەی بەندەرەکانی کوێت لە ڕایگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە تا کاتێکی نادیار ڕێگا بەو کەشتییانە نادەن لە بەندەرەکانی کوێت لەنگەر بگرن کە لە ئێرانەوە ڕوو لەو وڵاتە دەکەن. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەو بڕیارە لە چوارچێوەی ئەو پلانە دراوە کە حکوومەتی کوێت بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دایناوە.

ڕۆژی شەممە هێڵی ئاسمانی کوێت ڕایگەیاندبوو کە ژمارەیەک گەشتی ئاسمانی بە ئاماڵجی گەڕاندنەوەی، 700 هاووڵاتی ئەو وڵاتە لە شاری مەشهەد باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئەنجام دەدات. پێشتر بەرپرسی پەیوەندییەکان لە وەزارەتی تەندروستی ئێران، کیانوش جیهانپور لەمیانی لێدوانێکیدا بۆ کەنالی فەرمی تاران ڕایگەیاندبوو کە بە تۆمارکردنی 15 حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە گەیشتووەتە43 کەس، هەروەها ڕاشیگەیاندبوو کە تا ئێستا هەشت کەس بەهۆی کۆرۆناوە لە ئێران گیانیان لەدەستداوە.

تورکیا خاپوورکردنی 21 پێگەی سوپای سووریای لە ئیدلب ڕاگەیاند

وەزارەتی بەرگریی تورکیا بڵاویکردەوە 21 پێگەی ڕژێمی سووریایان لە سنووری ئیدلب ئاگرباران و خاپوورکراون. لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە هەژماری تویتەری وەزارەتی بەرگریی تورکیادا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوەکراوە لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی سەربازانی سوپای تورکیا کە لە ئیدلب لەلایەن هێزەکانی سەر بە ڕژێمی سووریاوە، سەربازێک بریندارببووە و لە ڕێگای گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە: لە دوای هێرشەکەی سووریا لە ئیدلب، 21 ئامانجی دەستنیشانکراوی ڕژێمی سووریا لە ناوچەکە بە چڕیی ئاگرباران و خاپوورکراون، چاودێریی پێشهاتەکان دەکرێت و ڕێکاری پێویست گیراونەتەبەر.





بوومەلەرزەیەکی بەهێز باکووری کوردستانی هەژاند. (وان - 2020/2/23)

پەتای پیستر لە کۆرۆنا بەڵام!



فارس قادر فەتێ عەبدوڵڵا*

ماوەیەکە جیهان بە گشتی سەرقاڵی ناسین و زانین و شرۆڤەکردن و باسکردنی ڤایرۆسێکە بەناوی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)! زۆرینەی دانیشتووانی جیهان و گەلانی نزیک لە شوێنی بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کەوتوونەتە ترس و دڵەڕاوکێ راگەیاندنەکان بە ئاگا و بێ ئاگا باسی ئەو ڤایرۆسە و ترسناکی و کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵک دەکەن، خەریکە بڵێین بە قەدەر جەنگێکی جیهانی مەزن وەک سەرتایەک دەنگدانەوە و کاریگەری هەیە و هەریەکە و بە شێوازێک ترسی لێنیشتووە و بیر لە خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەی دەکات.

لەلایەک لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک زانیاری سەیر لێرەو لەوێ فرێ دەدرێنە ناو خەڵک و جیهانیان پێی شێواندووە، یەکێک دەڵێ ئەو ڤایرۆسە بەشێکە لە شەڕی نێوان وڵاتە زلهێزەکان و یەکێکی تریش دەڵێ شەڕێکی بازرگانییە بۆ بەرژەوەندی کۆمپانیاکان، ئەوەی تر دەڵێ ئەو سیناریۆیە چەندین ساڵە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە و هەوڵێک بڵاوبووتەوە کە لە 2011 لە ئەمەریکا فیلمێک پەخشکراوە (پێشکەشکراوە) کە لە 2020 لە چین ڤایرۆسێک بەو ناوە بڵاو دەبێتەوە، بەهەرحاڵ سەلماندنی راستی و ناڕاستی رەنگە بۆ ئێمەمانان ئاسان نەبێت، کامیان راستە یان ناڕاستە و ئەو بارودۆخە چۆن دەبێ و بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات، جێگای پرسیارە بۆ هەموومان؟


گەر بگەڕێینەوە دواوە بۆ مێژوو بەر لە سەدەیەک و زیاتریش لەناوخۆمان لە کوردەواری باسی پەتای (تاعوون) یاخود سیل کراوە، بەڵام ئەو سەردەم جیابوو لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی و ئاستی ناوچەکانی ئێمە لە کوردستان بە تایبەتی، (زانستی پزیشکی) هێشتا لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا بوو، بەڵام ئێستا سەردەم جیایە و مرۆڤ ناحەقی نییە دوو خاڵ بکات بە باس و وەڵام و بڵێین سەردەم سەردەمی تاعوون یان (سیل) نییە، بۆیە دەڵێین رەنگە سیاسەت بێت یان شێوازێک بێت لە شێوازەکانی بازرگانی و ئابووریی جیهانی؟ چونکە ئەو سەردەمە تاک لە کۆمەڵگا و کۆمەڵگا لە جیهان بە ئاگایە و پرسیار دەکات؟ بۆ نموونە دەکرێ بڵێین ئەی چەند ساڵێک بەر لە ئێستاش نەگوترا ئەنفلوەنزا (پەسیو)ی بەراز هەیە و ترسناکە؟! ئەی نەگوترا ئەنفلوەنزای باڵندە هەیە و ترسناکە، ئەی بەر لەوەش باسی (جنون البقر) نەکرا جا گەر وابوو بۆچی نەڵێین سیاسەتە و شەڕی بازرگانییە؟! بازاڕ دروستکردنە، بۆ کۆمپانیاکانی دەرمان وەک بازاڕی چەک و تەقەمەنی!

بەڵێ لەوکاتەی کە باسی (پەسیوی باڵندە) کرا کوردیش وەک هەر گەلێکی تری جیهان بڕیاریدا بۆ خۆپاراستن لەو پەتایە بای دەیان ملیۆن دۆلار دەرمانی دژە ڤایرۆسی ئەو پەتایە بکڕێ، شوکر بۆ یەزدان ئەو پەتایەش نەهاتە کوردستان و لەسەر ئاستی جیهانیش وانەبوو، بەڵام زۆر گەورەکرا و واش پێدەچوو تەنها گەمەیەکی ئابووری بێت بەس (دەرمانەکانیشمان فڕێدران) بەهەرحاڵ ئەمە راستییەکە و ناشاردرێتەوە، سەیریش نییە ئەو ڤایرۆسەی ئێستاش بەناوی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەمان گەمە و هەمان مەبەستی بە دواوە بێت! بەڵام لەبەر ئەوەی ناکرێ یاری و مساوەمە بە ژیانی خەڵکەوە بکرێت و دەبێت بابەتەکە وا وەربگرێ کە راستە و زۆریش خەتەرە.! ئەگینا دەگوترێ ئەم ڤایرۆسە بایولۆجییە دروستکراوە! رەنگە بۆ ئێمە خەتەر نەبێت و مەبەستیش نەبین، هەرچەندە تا ئێستا دەگوترێ 200 هەزارکەس زیاتر تووش بووە لە چین.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئێمەی کورد بە داخەوە بێ ئاگاین، ئێستا لە کوردستان ڤایرۆس و پەتای زۆر خەتەرتر و ترسناکتر لە ڤایرۆسی (کۆرۆنا و باڵندە) کرا کوردیش وەک هەر گەلێکی تری جیهان بڕیاریدا بۆ خۆپاراستن لەو پەتایە بای دەیان ملیۆن دۆلار دەرمانی دژە ڤایرۆسی ئەو پەتایە بکڕێ، شوکر بۆ یەزدان ئەو پەتایەش نەهاتە کوردستان و لەسەر ئاستی جیهانیش وانەبوو، بەڵام زۆر گەورەکرا و واش پێدەچوو تەنها گەمەیەکی ئابووری بێت بەس (دەرمانەکانیشمان فڕێدران) بەهەرحاڵ ئەمە راستییەکە و ناشاردرێتەوە، سەیریش نییە ئەو ڤایرۆسەی ئێستاش بەناوی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەمان گەمە و هەمان مەبەستی بە دواوە بێت! بەڵام لەبەر ئەوەی ناکرێ یاری و مساوەمە بە ژیانی خەڵکەوە بکرێت و دەبێت بابەتەکە وا وەربگرێ کە راستە و زۆریش خەتەرە.! ئەگینا دەگوترێ ئەم ڤایرۆسە بایولۆجییە دروستکراوە! رەنگە بۆ ئێمە خەتەر نەبێت و مەبەستیش نەبین، هەرچەندە تا ئێستا دەگوترێ 200 هەزارکەس زیاتر تووش بووە لە چین.

لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئێمەی کورد بە داخەوە بێ ئاگاین، ئێستا لە کوردستان ڤایرۆس و پەتای زۆر خەتەرتر و ترسناکتر لە ڤایرۆسی (کۆرۆنا و باڵندە) کرا کوردیش وەک هەر گەلێکی تری جیهان بڕیاریدا بۆ خۆپاراستن لەو پەتایە بای دەیان ملیۆن دۆلار دەرمانی دژە ڤایرۆسی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان 40 ملیۆن دۆلاری بۆ کارپێکردن و چاکسازیی لە وێستگەی خەبات تەرخانکرد



پێش نیوەڕۆی دوێنێ ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا پێشوازیی لەتیمێکی ریکخراوی بۆسکۆ و کۆمپانیای هائمی گلۆبال کرد.

لەو دیدارەدا وەزیری کارەبا داوای لە کۆمپانیای ناوبراو کرد لەکاتی خۆیداو بێ دواکەوتن هەموو کاروبارەکانی وێستگەکە تەواو بکەن و تەسلیمی وەزارەتی کارەبای بکەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەسوپاسەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا ڕەزامەندی داوە بۆ تەرخانکردن و خەرجکردنی 40 ملیۆن دۆلار بۆ ماوەی یەک ساڵ بەمەبەستی کارپێکردن و چاکسازیی لە وێستگەی هەڵمی خەبات ، لەلایەن خۆیانەوە شاندی میوان وێڕای سوپاس و پێزانینیان بۆ هەموو ئەو ئاسانکاریی و هاوکارییانەی وەزارەت پێشکەشی کردوون بەڵێنیان دا بەمنزیکانە هەموو داواکارییەکانی وەزارەت جێبەجێ بکەن.

وێستگەی هەڵمی خەبات بەیەکێک لەوێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دادەنرێت کە هەموو کارەکانی تەواو بووەو لەئێستادا وەکو تێست دەستی بەبەرهەمهێنانی کارەبا کردووەو بەمنزیکانە بەفەرمی وێستگەکە دەکرێتەوەو بڕی 300 مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت.

وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و شاندێکی ئاژانسی جایکا چەند پرسێکی گرنگیان تاوتوێ کرد



ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار پێشوازی لە شاندێکی بالای ئاژانسی ژاپۆنی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی کرد، کە ئەو ئاژانسە لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەردەوام هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەبووە و هاوکاری پێشکەش بە فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێم و بە تایبەتی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کردووە.

ئامانجێکی سەردانەکە بۆ ئەوە بوو بەڕێوەبەری نوێی ئاژانسەکە لە نزیکەوە چاوی بە وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار بکەوێت و تاوتوێی هەماهەنگی و کارکردن لە ئایندە بکەن، وێڕای ئەوە جەخت لە کارکردن و هەماهەنگی نێوان وەزارەتی شارەوانی و ئاژانسی جایکا کرایەوە بۆ قۆناغی داهاتوو لەپێناو پەرەپێدانی هەماهەنگی نێوانیان لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان، شاندەکەی جایکاش جەختیان کردەوە لە بەردەوامی دانیان بە هەماهەنگی و پەرەپێدانی زیاتری کارەکانیان لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە تایبەتی لە ڕووی کردنەوەی خولی ڕاهێنان بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت لە ناوخۆی هەماهەنگییەکان، هەروەها جەختیشی کردەوە لە پەرەپێدانی هاوکاری و هەماهەنگی نێوانیان لە پێناو بەرژەوەندی هاوبەش و ئاستی زانستی فەرمانبەران لە بواری جیاوازەکاندا، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاریش داوای کرد کە ئەم جۆرە هەماهەنگی و خولی ڕاهێنان و هاوکارییانە بەردەوام بن لەپێناو بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و ئاستی زانستی فەرمانبەران.

فازڵ ڕەئووف: بەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیان کرد و لەلایەن مامۆستا مستەفا عەبدوڵڵا کارگێڕی ئەنجوومەن و ناسک تۆفیق و بەهار عەبدولڕەحمان ئەندامانی ئەنجوومەن و ئەندامانی مەڵبەند، پێشوازی کران.

خەبات ـ بەرهەم شێخ عزەدین

وەفدێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای سلێمانی ـ هەڵەبجە و لقی 21 بە سەرۆکایەتی فازڵ ڕەئووف و ئەژی گۆران ئەندامانی ئەنجوومەن و ئەندامانی مەڵبەند، پێشوازی کران.

لە لێدوانێکی بۆ خەبات، فازڵ ڕەئوف بەڕێرسی لەگەڵ پەیوەندییەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی لەسلێمانی ـ هەڵەبەجە بە خەباتی گوت: لە سەردانەکەدا، دوای پیرۆزبایی باس لە پەیوەندی هەردوولا و بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق بەتایبەتی لەم کاتەدا کرا. هەروەها جەخت لە یەکڕیزی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان کرایەوە، لەپێناو خزمەتکردنی زیاتری هاوواڵتیان لە سنوری پارێزگای سلێمانی و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە عێراق.



ساخلەمیا دهۆکێ بەرهەڤێن باش بۆ بەرهەنگاریا کۆرونا دکەت



خەبات ـ دهۆک

د. نزار عسمەت، ڕێڤەبەری گشتی یی ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکر کو ل ڕۆژا 23/2/2020 ساخلەمیا دهۆکێ کۆمبوونەکا بەرفرەه دگەل هەموو سازیێن تەندروستی ل دهۆکێ ئەنجامدا بۆ بەرهەنگاریا نەخۆشیا کۆرونا .دکۆمبوونی دا ئەو ڕێنما و بریارێن هاتینە دان هەموو دێ کەڤنە دواڕێ بجە ئێنانێ دا بۆ بەرهەنگاریا ڤایرۆسی کۆرونا لێ هیچ حالەتەکێ ڤێ نەخۆشی ل پارێزگەها دهۆکێ نەهاتیە تۆمارکرن ئەم هیڤدارن خەلک ژی دگەل مەدا هەڤکاربن خوە بپارێزن ئەو خەلکێ قەستا وەلاتێن بیانی کرین بتایبەتی ژی ئەو وەلاتێن ڤایرۆس تێدا پەیدابووین ئەم پێرابوونا دگەل وان وەردگرین حەزدکەین دگەل مە دهەڤکار بن وپتر هەماهەنگییێ بکەن داکو خەلکێ خوە ژ ڤێ نەخۆشییێ هوشیارکرنا وەلاتیان و چەوانیا بکارئینانا ڕێنما و بریارێن خوە پاراستنێ ونابیت خەلک بهێتە ترساندن ب ڕێیا ڕاگەهاندنێ یان هەر دەزگەهەکێ میدیایێ.

سلێمانی.. بەهۆی گران کردنی نرخی دەمامک
2 شوێنی دیکە داخران



هەر شوێنێک نرخی دەمامکی لە نرخی ئاسایی خۆی زیاتر بیفرۆشێت ڕووبەڕووی ڕێکاریی یاسایی دەبێتەوە.

بەهۆی گرانفرۆشتنی دەمامکەوە لیژنەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی دەرمانخانەیەکی دیکە و فرۆشگایەکی پێداویستییە پزیشکییەکان دادەخرێت.

بەهۆی زیادکردنی نرخی دەمامک لەسەر هاوڵاتیان، لەلایەن لیژنەی تەندروستی سەربەلیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتەوە دەرمانخانەی تنۆک لە گەڕەکی بەختیاری تازە و فرۆشگایەکی پێداویستی پزیشکی بەرانبەر نەخۆشخانەی بەخشین لە شاری سلێمانی دادەخرێن.

دەرمانخانەی تنۆک و فرۆشتگاکە نرخی دەمامکیان زیادکردوە، فرۆشتگاکە نرخی یەک دەمامکی بەرزکردوەتەوە بۆ هەشت هەزار دینار کە لەم کاتەدا بەهۆی مەترسی لە قایرۆسی کۆرۆناوە لەلایەن هاوواڵتیانەوە خواستی لەسەرە.

ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلێمانی لیژنە هاوبەشەکانی ڕاسپاردوە سەردانی هەموو دەرمانخانە و نۆرینگە و شوێنانە بکەن هاوواڵتیان بۆ کرینی پێداویستی پزیشکی ڕووی تێدەکەن، هەر شوێنێکیش نرخی دەمامکی لە نرخی ئاسایی خۆی زیاتر بیفرۆشێت خاوەنەکە و شوێنەکەشی ڕووبەڕووی ڕێکاریی یاسایی بکەنەوە.

هەر شەوی ڕابردوو، بە فەرمانی قائیمقامی سلێمانی و بەهۆی گرانفرۆشییەوە هەریەک لە دەرمانخانەکانی تنۆک، هۆم کەی و ژاڵە، نۆرینگەی جەمال و فرۆشگایەکی پێداویستی پزیشکی، بەهۆی بەرزکردنەوەی نرخی دەمامکەوە داخران و خاوەنەکانیشیان ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەکرێنەوە.

ئەو کەسەی بانگەشەی بلاوبوونەوەی کۆرۆنای کرد دەستگیرکرا



سەرچاوەیەک لە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو کەسە بەهۆی بڵاوکردنەوەی دەنگۆ، ترس و دڵەڕاوکێی لە کۆمەڵگە دروست کرد و هاوکات لەو ڕێگەیەوە ڕێکلامی بۆ جۆرێکی تایبەت ماسک کردووە و بازاڕیشی گران کرد، بۆیە وەک وەزارەتی تەندروستی سکاڵامان لەسەر تۆمار کردووە. دووپاتی لەوەش کردەوە، ئەو کەسە بەناونیشانی پزیشک خۆی ناساندووە کەچی دەرکەوتووە پزیشکیش نییە.

ئەو کەسەی بانگەشەی بلاوبوونەوەی کۆرۆنای کرد دەستگیرکرا

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو کەسە بەهۆی بڵاوکردنەوەی دەنگۆ، ترس و دڵەڕاوکێی لە کۆمەڵگە دروست کرد و هاوکات لەو ڕێگەیەوە ڕێکلامی بۆ جۆرێکی تایبەت ماسک کردووە و بازاڕیشی گران کرد، بۆیە وەک وەزارەتی تەندروستی سکاڵامان لەسەر تۆمار کردووە. دووپاتی لەوەش کردەوە، ئەو کەسە بەناونیشانی پزیشک خۆی ناساندووە کەچی دەرکەوتووە پزیشکیش نییە.

وەزیری پلاندانان: دەبێت کەرتی تایبەت ڕۆڵی زیاتر بگێڕێت بۆ خستنەسەرکاری دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان

د.دارا ڕەشید وەزیری پلاندانان پێشوازی کرد لە وەفدێکی ئاژانسی (JICA) ی یابانی و لەدیدارێک باس لە ڕۆڵی ئاژانسی (JICA) کرا لەپەرەپێدانی توانامرۆییەکان و ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەی کە کاری لەسەر دەکەن وەک ڕاهێنان و پەرەپێدانی ئاستی توانستی فەرمانبەران و هاوڵاتیانی هەرێم کە لەماوەی ڕابردوو تائیستا 459کەس بەپاڵپشتی وەزارەتی پلاندانان سوودمەند بوونە لەو ئاژانسە. دواتر گفتوگۆ لەبارەی ئەو پرۆگرامانەکرا کە گونجاون لەگەڵ کارنامەی حکومەت لەو چوارچێوەیەش وەزیری پلاندانان داوای کرد کۆمپانیا یابانیەکان ڕۆڵی زیاتر بگرێن لە وەبەرهێنان و کارکردن لەبوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری هەرێم بەتایبەت هەنگاونانی جدی بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی سێکتەری کشتوکاڵ و هاوکاری تەکنیکی بۆ ئەو وەزارەتە. هەروەها پێشوازی لە هەوڵەکانی وەزارەت کرد بۆ بەهێزکردنی ئاستی ڕاهێنانی فەرمانبەران و بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و ئاستی زانستی فەرمانبەران.

هەولێر.. کارگەیەکی پووشی موبەریدە ئاگری گرت

خەبات ـ سەید فەخرەدین

دوێنێ پێش نیوەڕۆ لەناو پیشەسازی باکوور لە پشت فاملی مۆڵ، کارگەیەکی پووشی موبەریدە ئاگری گرت. لەم بارایەوە، عەمید یادگار بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی هەولێر بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند، دوێنێ پێش نیوەڕۆ کارگەیەکی گەورەی پووشی موبەریدە ئاگری گرت و خۆشبەختانە توانرا لەماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت.

شایانی باشە، سەرجەم بەشەکانی بەرگری شارستانی هەولێر و دەروبەر و شارەوانی ژینگەپارێزی هەموو کۆمپانیاکانی شاری هەولێر و بەشی خاوێنکردنەوەی شار ئامادە بوون و هاوکار بوون بۆ خاوێن کردنەوەی پاشماوەکانی ئاگرەکە. خۆشبەختانە جگە لە زیانی مادەی، هیچ زیانێکی گیانی لێ نەکەوتەوە.



هەولێر.. باغی شار بووەتە پەناگەیەک بۆ بێنەوایان

ژمارەیەک هاوواڵاتیی بێنەوا لە بەردەم باغی شار جێگای خەوتن رادەخەن و لەم شوێنە دەخەون



خەبات: هەولێر

شەوانە ژمارەیەک هاوواڵاتیی بێنەوا لە بەردەم دوکانەکانی باغی شار لە هەولێر جێگای خەوتن رادەخەن و لەم شوێنە دەخەون، هەر یەک لەم هاوواڵاتییانە کێشەیەکی تایبەتی هەیە و زۆرینەشیان بێ ماڵ و حاڵن و ژن و منداڵیان نییە. لە دوای کاتژمێر 12ی شەوەوە، هەریەک لەو بێنەوایانە، بۆخۆیان و پێخەفی خەوتنیان، ڕوو دەکەنە ژێر دوکانەکانی باغی شار و، سەرەتا بۆ کەمتر هەست بە سەرماکردن، کارتۆنێک ڕادەخەن و دواتر پێخەفی خەوتنیان ڕادەخەن و تا بەیانی لە بەردەم ئەم دوکانانەدا دەخەون، بەیانییانیش لە چایخانەیەکی نزیک شوێنەکە، بێ بەرامبەر نانی بەیانی دەخۆن و، بۆ نیوەڕۆش دەچنە مزگەوتی شێخی چۆلی بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، کە لە سەردەمی شێخی چۆلییەوە نیوەڕۆیان خواردن بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت لەم مزگەوتە دورست دەکرێت.



یەکێک لەو بێنەوایانە، عەبدولناسر مەحمود تەمەن **46** ساڵ و خەڵکی شاری دهۆکە، ئەو سەر و ڕیشێکی ماش و برنجی و ڕووخساڕێکی ماندووی هەیە، بەهۆی کێشەی میراتەوە لەگەڵ برا کەی، ماڵی بەجێهێشتووە و ماوەی ساڵێکە لە بەردەم دوکانەکانی باغی شار دەخەوێت و لە ئێستاشدا جۆرە نەخۆشییەک لە قاچەکانی دەرچووە و مەترسی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە دەکرێت.

ئەو قەترەیەکی چاو و مەرهەمێک بۆ برینەکانی قاچی، لە ژێر کارتۆنەکە داناوە و وەک خۆی دەڵێت کە پێش ئەوەی سەرگەردان بێت، پیاوێکی بەهێز بووە و ئێستا توانای ڕۆیشتن و کارکردنی نەماوە و برینەکانی قاچی، تووشی دڵەڕاوکێ و مەترسی کردووە.

عەبدولناسر مەحمود گوتی: ماوەی ساڵێکە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ برایەکم، لەسەر بابەتی میرات، ماڵ و منداڵم لە شاری دهۆک بەجێهێشتووە و لە ژێر ئەو دوکانانەی باغی شار لە هەولێر دەخەوم.

عەبدولناسر مەحمود گوتیشی: برایەکەم ڕێگا نادات بچمەوە ماڵەوە، چوار منداڵم هەیە، کچێکم شووی کردووە و ئەوانی دیکە بچووکن، من ناتوانم بجوولێم، نەخۆشی لە قاچەکانم هەیە و باری تەندروستیم خراپە، تەنیا ڕۆژانی هەینی کار دەکەم، بۆ کەسێک ئاو و پیپسی بۆ دەفرۆشم و بڕی **15** هەزار دینارم پێ دەدات".

لەبارەی سکاڵاکردن لە دۆسیەکەی، عەبدولناسر مەحمود گوتی: هەڵەی خۆم بوو سەرەتا نەچووم لە دادگا سکاڵا بکەم و دهۆکم بەجێهێشت، بۆیەش وازم لە مافەکەی خۆم هێناوە، ئەگەرنا لە میراتەکە نزیکەی **60**ملیۆن دینارم بەردەکەوێت، بەڵام یەکێک لە برایەکانم رازی نییە کە میراتەکان دابەش بکەین، چونکە ئێمە **7**براین و تەنیا من سەرگەردان بووم، ئەوانی دیکە هەموو کاری خۆیان هەیە.

هەر لەم شوێنە کەسێکی دیکەی بە ڕەگەز عەرەب و خەڵکی شاری بەغدایە، وەک خۆی دەڵێت ماوەی **12**ساڵ لە ئەمریکا ژیاوە و دواتر نێردراوەتە بۆ عێراق و ماوەی حەوت مانگیش دەبێت لەو شوێنە دەخەوێت.

سەلاح مەحمود تەمەن **52** ساڵ و خەڵکی بەغدا، گوتی: ماوەی **7** ساڵە لێرەم، ژن و منداڵم نییە، لە ساڵی **1989** چوومە ئەمریکا و ماوەی **12** ساڵ لەوێ نیشتەجێ بووم و دواتر منیان نارەدەوە بۆ عێراق، ماوەی **7** ساڵیش دەبێت لێرەم، پێشتر کارم دەکرد و ئێستاش کار نەماوە، ڕۆژانە بەیانییان لە چایخانە نانی بەیانی و لە مزگەوتی شێخی چۆلیش نانی نیوەڕۆ دەخۆم، خەڵک یارمەتیمان دەدات.

سەلاح مەحمود گوتیشی: پێویستە حکوومەت هاوکاریان بکات، لە ئەمریکا بووم لەوێ شوێنی تایبەتی دالدەدان هەبوو بۆ هەموو ئەوانەی لەسەر شەقامەکان دەکەون. پێویستە ئێمەش هاوشێوەی پەنابەرە سووریەکان شوێن و خواردنمان بۆ دابین بکەن، لێرە سەرما و گەرما تینمان بۆ دێنێت و کاریگەری لەسەر تەندروستیمان هەیە.

هاوواڵاتییەکی دیکەی خەڵکی کەرکووک کە وەک خۆی دەڵێت **30** ساڵ پێش ئێستا، ڕژێمی بەعس ژن و منداڵەکانی لەناوبردوون و بۆخۆیشی لە زیندان ئازاد بووە و هیچ کەسێکی نەماوە، ماوەی **2** ساڵیشە لە هەولێر دەژیت و شەوانە لەبەردەم دوکانەکانی باغی شار دەخەوێت.



دەرویش خەلیفەی تەمەن **60** ساڵ، سەر و ڕیشێکی سپی هەیە و بەهۆی شکانی قاچی ڕاستییەوە، ناچارە بە دارشەق ڕێ بکات و، کەسێکیش پێخەفی خەوتنی بۆ هەڵبگرێت تا دەگاتە ناو چایخانەکەی باغی شار و لەوێ ڕۆژ بکاتەوە.

دەرویش خەلیفە تەمەن **60** ساڵ و خەڵکی کەرکووک، گوتی: لە ساڵی **2017** دوای پەلامارەکەی حەشدی شەعبی بۆ کەرکووک، من شارەکەم بەجێهێشت، ڕۆژانە لە دەوروبەری قەڵای هەولێر ژیان بەسەر دەبەم، شەوانەش لە تەنیشت دوکانەکانی باغی شار دەخەوم.

دەرویش خەلیفە گوتیشی: لە ساڵی **1990** ڕژێمی عێراق ئێمەی گرت و دواتر من ئازاد بووم و ژن و منداڵەکانیشی کوشتم، بۆیە من بە تەنیا ماومەتەوە، مووچەیەکی شەهیدانەی براکەم هەبوو کە مانگانە بڕی **750** هەزار دینار بوو، بەڵام مووچەکە دابەزی و ئێستا دوو مانگ جارێک بڕی **150** هەزار دینار وەردەگرم، بەهۆی شکانی قاچەکانیشم ناتوانم کار بکەن.

دوو هاوواڵاتی دیکە کە خەڵکی شاری هەولێر بوون، ئامادە نەبوون لەبەردەم زوومی کامێرا قسە بکەن، ئەوانیش بە ڕۆژ خەریکی کرێکارین و بەشەویش لە تەنیشت دوکانەکانی باغی شار دەخەون. هەردووکیان ڕەتیانکردنەوە کە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتییان هەبێت، تەنیا ئامازەیان بەوەکرد کە ژن و منداڵیان نییە و بەڕۆژ خەریکی کرێکارین و بەشەویش لەم شوێنە دەخەون.

چادڕێکی شارەوانی و گەشتوگوزار، کە ماوەیەکی زۆرە لەم شوێنە چادڕی شوێنە گەشتیارییەکان دەکات و لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ئەو کەسانە بووە کە لەم شوێنە دەخەون، ئامازە بەوە دەکات کە لە وەرزی هاویندا ژمارەی ئەو کەسانە زیاد دەکات کە لە بەردەم دوکانەکانی باغی شاردا دەخەون.

لەمبارەیەوە چادڕی شارەوانی و گەشتوگوزار، محەمەد لوقمان گوتی: ئەوانە ماوەیەکی زۆرە لێرەن، هەفتەی ڕابردوو نافوورەکەی باغی شار بەهۆی سەرماوە بەستبووی، ئەوانە لە ژێر نافوورەکە خەوتبوون، جۆرەها خەڵک و تەمەنی تێدایە، نیوەڕۆیان دەچنە مزگەوتی شێخی چۆلی بۆ نانخواردن، بەڵام خراپەی کەسیان نییە و هەر یەک بەهۆی کێشەیەکی تایبەتییەوە ماڵەوەی بەجێهێشتووە و سەرگەردان بووە.

محەمەد لوقمان گوتیشی: لە وەرزی هاوین ژمارەی ئەو کەسانەی لە چوار دەوری نافوورەکەی باغی شاردا دەخەون زۆرە و هەندێک جار گەشتیاریش لەم شوێنە دەخەوێت، بەڵام لە وەرزی سەرمادا، ژمارەیان کەمترە.

باغی شار تایبەتکراوە بەخانەنشینان، لە ساڵی **1937** بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر دروستکراوە، لەساڵی **2008** بە بڕیاری پارێزگاری هەولێر نۆژەنکرایەوە و لە ئێستاشدا بە ڕۆژ خانەنشینان کاتەکانییان لێ بەسەر دەبەن و بە شەویش بێنەوایان لێی دەخەون.



وەلانانی گەلی کوردستان کۆتایی یەکپارچەیی عێراقە



سەربەست بامەرنی

لە ژێر دروشمی گوایە یەکپارچەیی عێراق، حکوومەتی سەربەخۆ و پاراستنی سەروەریی، چەند هەوڵێکی گومانلێکراوی بۆ پەراوێزخستن، وەلانانی هەرێمی کوردستان و دەرکردنی لە هاوکێشەی هاوبەشیەتی نیشتمانی، هاوسەنگی و سازان لە رێگەی دەست نیشان کردنی ئەندامان لە حکوومەتی داهاتووی کاتی بەرێوەدەچێت، بۆ ئەوەی ببنە تەنیا لایەنگری پاشکۆ و شایەدی ساختەی بێ دەسەڵات، کە گوزارشت لە بۆچوون، ویستی شەقامی کوردستان، سەرکردایەتییە سیاسییەکەی و پەرلەمانە نیشتمانییە هەڵبژێردراوەکەی ناکەن. لەوەی گوتمان، مانای پێشێلکردنی هەموو رێکەوتنەکانی پێشوو لە نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و گەلی کوردستان، رەتکردنەوەی دەستووری فیدراڵیی، گەڕانەوە بۆ رەوتی تاکڕۆیی و رژێمی دیکتاتۆری گۆڕ بەگۆڕ دەگەێنێت، کە ئەویش هەندێ بەکرێگیراوی بەناوی (برایانی کوردمان) و نوێنەرانی (باکووری خۆشەویستمان)ی دادەمەزراند. ئەو ئاراستەگرتنە رەگەزپەرست و تایەفییە چەپەڵە، بە پشتگوێخستنی ویستی گەلی کوردستان و مافە رەواکانی ، لە دەست نیشان کردنی نوێنەرەکانی، کە پشتگوێخستنێکی بە ئەنقەستە بۆ خەباتی نیشتمانی درێژخایەنی کوردستانیان، بە هەموو ئەو قوربانیانەی لە پێناوی هاوبەشیەتی نیشتمانی، بنیاتنانی دەوڵەتی هاووڵاتیبوون، یەکسانی، دادگەری و پاراستنی یەکڕیزی دڵبژێرانەی پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینی و تایەفییەکانی عێراق داویەتی، هەڕەشە لە بنەماکانی سیستمی فیدراڵیی دەکات. ئەو ئاراستەگرتنە لە ژێر هەر لافیتە، دروشم و ناوێک دادەمەزرێنرێت، هاوتای رەتکردنەوەی دەستووری فیدراڵیی، راگەیاندنی جەنگ بۆ سەر گەلی کوردستان و پێبەشکردنیەتی لە دەست نیشان کردنی نوێنەرەکانی، لەوکاتەی هاوشانی رۆژهەڵات گومانلێکراوییە هەرێمایەتی و دژ بە سیستمی فیدراڵیی و مافەکانە، کە دەستوور بۆ گەلی کوردستانی مسۆگەر کردووە، دەرگەی دۆزەخیش بەسەر دەوڵەتی لاوازی عێراق دەکاتەوە، کە لە کەوتن و دابەشبوون نزیکە، ئەوەش لە ئاکامی سیاسەتی رەگەزپەرستی و تایەفی قووڵە، بۆ رەتکردنەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق. گەلی کوردستان، کەزیاتر لە جارێک رۆڵی لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق و پاراستنیدا هەبوو و هێشتاش لە تەک داواکارییە رەواکانی جەماوەری شۆڕشگێڕی عێراقە، بە کەمتر لە هاوبەشیەتی راستەقینە لە بەرێوەبردنی وڵات، دروستکردنی بڕیاری ناوەندیی و ئەو کەسانە دەست نیشان بکات، کە لەسەر هەموو ئاستەکان نوێنەرایەتی دەکەن رازی نابێت، لەوانەیە سوودی هەبێت بە بیری هەیە ڕووداوەکان لەدەرەوەی ئیرادەی دەوڵەت ڕوودەدەن، دەوڵەتەکە ناتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا! بۆیە لێپرسراویەتییەکەشی کەم دەبێتەوە، جاریش هەیە نامێنێ. پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتان لەڕووی سیاسی، ئابووری و پاراستنی بالۆێزخانەی وڵاتان و ستافی بالۆێزخانە و کەسانی بیانی لەناو وڵاتێک ئەرکی دەوڵەتەکەیە، بۆیە دەبێت دەوڵەت بەئەرکی یاسایی خۆی هەڵبستێت و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنیان. بەڵام ئەگەر دەوڵەت لەتوانایدا نەبوو ڕێگری لەهێرشبەران بکات و ڕێوشوێنی یاسایی پێویستیشی گرتەبەر لەگەڵ ئەوەشدا زیانیان بەبینای بالۆێزخانە گەیاند یان زیانیان بە بالۆێز یان ستافی بالۆێزخانە گەیاند، ئەوە لێپرسراویەتی کەم دەبێتەوە چونکە دەوڵەت بەئەرکی خۆی هەستاوە و کەمتەرخەمی نەکردووە. بەڵام ئەگەر لەئەنجامی کەمتەرخەمی دەوڵەت زیان بەردەوڵەتێکی دیکە کەوت بەهەرشێوازێک بێت، ئەوە دەوڵەت بەرپرسیار دەبێت هاوشێوەی ڕووخانی بەشێک لەبینای کەعبەی پیرۆز لەوڵاتی سعودیە لەکاتی فەریزەی حەجدا کە بووە هۆی مردن و زامداربوونی چەندین هاووڵاتی وڵاتانی دیکە، بۆیە دەوڵەتی سعودیە بەرپرسیاربوو و ناچار بوو قەرەبووی مادی ومەعنەویشیان بکاتەوە چونکەلەئەنجامی کەمتەرخەمی وڵاتی سعودیە ئەو زیانە ڕوویداوە. عێراقیش وەک دەوڵەتێکی خاوەن سیادە و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بەشدار لە چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەقۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە لەسەرەتای دروستبونییەوە. عێراق وەک دەوڵەت ئیلتزاماتی زۆری دەکەوێتەسەر لەڕووی یاسای نێودەوڵەتی کە ناچارە جێبەجێیان بکات. بەتایبەت هەوڵدان بۆبڵایەنی لەکێشە ناوچەییەکان لەنێوان وڵاتان کە ڕیشەیەکی قوڵیان هەیە بەو پێیە عێراق یەکێکە لەوڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەن. بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و وەلانانی پێشوو بوو ، ئەوی بشیەوێت جارێکی دیکە بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوا دواپین بزمار لە تابووتی دەوڵەتی عێراق دەدات.

و: ڕەمزی میرەکانی

لەجێگەی خۆدورگرتن لەکێشە و ململانێکانی ناوچەکە کەوتە ژێر کاریگەری شەڕی تائیفی تۆڵەسەندنەوە کە تەنها گەلی عێراق باجی داوە! عێراق بووەتە ناوچەیەک بۆتەسوێی حساباتی وڵاتان. بۆیە عێراق نەیتوانی بەئەرکی یاسایی خۆی هەڵبستێت بەتایبەتیش لەپاراستنی بالۆێزخانە و کونسولگەرییەکان و پاراستنی ژیانی کەسانی بیانی وەک دیپلۆمات و بازرگان و گەشتیاری بیانی تاگەیشتە بێ ڕێزی بەسەرۆکی وڵاتان و وەزیر و نێردە دیپلۆماسییەکان کە چەندین جار کەسانی بیانی دەڕفێنران و تیرۆر دەکران کە دەکرێت ئاماژە بە فڕاندن و کوشتنی سەفیری میسر و ڕفاندنی سەفیری پاکستان و هێرش بۆسەر بالۆێزخانەی وڵاتان بکەین کەبەشێکی لێپرسراویەتییەکان لەسەرعێراق کەم بۆتەوە یان نەماوە بەهۆی بارودۆخی عێراق، چونکە لەدەرەوەی ئیرادەی عێراقدا بووە، دەوڵەتانیش داوای قەرەبوویان نەکردووە.

بەڵام هێرشی ئەمدواییەی سەر بالۆێزخانەی ئەمریکا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرعێراق، دەکەوێتە ژێر لێپرسراویەتی بەرامبەر بەدەوڵەتی زیانلێکەوتوو، جگە لە ناشیرین بوونی سومعەی دەوڵەت، چونکە ڕێوشوێنی تووندوتوڵیان بۆپاریزگاری کردن لەبالۆێزخانەی ئەمریکا نەگرتۆتە بەر، لەکاتێکدا دەیانتوانی پاریزگاری لێ بکەن. بینای بالۆێزخانە دەکەوێتە ناوچەی سەوز کە ناوچەیەکی پاریزراوە و خۆپشاندەران ناتوانن بگەنە بینای بالۆێزخانە .

3-بەشێک لەوکەسانەی کە بەناوی خۆپێشاندەر هێرشیان کردۆتە سەربالۆێزخانە پۆشاکی سەربازییان لەبەر بووە.

.تەپەشێک لەوهێزانەی کە ئەرکیان پاریزگاری بووە لەناوچەی سەوز و بالۆێزخانەی ئەمریکا، لەجێگەی پاریزگاریکردن لەبینای بالۆێزخانە، هاوکاری خۆپێشاندەرانیان کرد بە لابردن و شکاندنی بەربەستەکان، بەمەش هێرشبەران زیانیان بەبالۆێزخانە گەیاند.

*** ئەندامی دەزگای گشتی هەڵبژاردن.**



لێپرسراویەتی نێودەوڵەتی بۆ دەوڵەتانی خاوەن سیادە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانە



عەباس سوارە*

لێپرسراویەتی نێودەوڵەتی بریتییە لەسیستەمێکی یاسایی، بەگوێرەی ئەو سیستەمە دەوڵەتێک لێپرسراو دەبێت بەرامبەر بە دەوڵەتێک یان چەند دەوڵەتێک یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی کاتێک بەهۆی هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی دەوڵەتەکە یان هاووڵاتیانی دەوڵەت یان هاووڵاتیانی بیانی دانیشتووی ئەو وڵاتە زیانیان بەردەکەوێت.

بەڵام دەبێت زەرەر و زیانێک هەبێت و دەوڵەتی زیانلێکەوتووش بتوانێت ئیسپاتی زیانەکە بکات و بیخاتە ئەستۆی دەوڵەتەکە، ئەوکاتە دەتوانێت داوای قەرەبووی خەڵمێندراو بکات بەپێی یاسای نێودەوڵەتی. لێپرسراویەتی نێودەوڵەتی لەکاتی نائاسایی و بارودۆخی تایبەتدا سەرهەڵدەدات، کاتێک دەوڵەت ڕووبەڕووی بارودۆخێکی نەخوازراو دەبێتەوە کە زۆرجار لەدەرەوەی بەهۆی ئەو دەوڵەتە بکاتەوە مادی بێت یان مەعنەوی. وەک پەلامارادانی هێزی ئاسایش و پۆلیس بۆسەر بالۆێزخانەی وڵاتێک بەبیانووی بوونی زانیاری لەسەرکاری تێکدەرانە بەرامبەرئاسایشی ئەو وڵاتە یان جار هەیە کەسێکی داواکراو پەنا دەباتە بەر بالۆێزخانەی وڵاتێک بۆدەستگیرکردنی، هێزەکانی ئاسایش هەڵدەکوتنە سەر بالۆێزخانەی وڵاتێکی بیانی! کەئەوەش ڕێگەپێدراو نیە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆپەیوەندییە دیپلۆماسی و قونسولییەکان هێزی دەوڵەتی خانەخۆ بێ ئیزنی بالۆێز بۆیان نیە بەهیچ بیانوویەک بچنە ناو بالۆێزخانە لەحاڵەتی ئاوادا دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ بالۆێزخانە ئەنجام بدرێت بۆچارەسەری کێشەکە. زۆرجار دەوڵەت لێپرسراویەتی دەکەوێتە ئەستۆبەرامبەر بەدەوڵەتانی دیکە کاتێک هاووڵاتییەک یان ژمارەیەک



ئیرادەی دەوڵەتەکەدایە وناتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت، هەرچەندە بە ئەرکی یاسایی خۆشی هەڵدەستێت! وەک نارەزایەتیی جەماوەری لەخۆپێشاندان کەزۆرجار هەڵکوتانەسەر بارەگا و بالۆێزخانە و کونسوڵگەری وڵاتان یان بنکەی سەربازی وڵاتان لەو وڵاتەی لێدەکەوێتەوە، لەئەنجامی ئەوەش زەرەر و زیان دروست دەبێت کەدەوڵەت لێی بەرپرسیاردەبێت؟ جاریش هەیە دەوڵەت بەهۆی پاشگەزبوونەوە یان خۆبواردن لەجێبەجێ کردنی قەرەبووی ئەو دەوڵەتە بکاتەوە مادی بێت یان مەعنەوی. وەک پەلامارادانی هێزی ئاسایش و پۆلیس بۆسەر بالۆێزخانەی وڵاتێک بەبیانووی بوونی زانیاری لەسەرکاری تێکدەرانە بەرامبەرئاسایشی ئەو وڵاتە یان جار هەیە کەسێکی داواکراو پەنا دەباتە بەر بالۆێزخانەی وڵاتێک بۆدەستگیرکردنی، هێزەکانی ئاسایش هەڵدەکوتنە سەر بالۆێزخانەی وڵاتێکی بیانی! کەئەوەش ڕێگەپێدراو نیە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان بۆپەیوەندییە دیپلۆماسی و قونسولییەکان هێزی دەوڵەتی خانەخۆ بێ ئیزنی بالۆێز بۆیان نیە بەهیچ بیانوویەک بچنە ناو بالۆێزخانە لەحاڵەتی ئاوادا دەبێت گفتوگۆ لەگەڵ بالۆێزخانە ئەنجام بدرێت بۆچارەسەری کێشەکە. زۆرجار دەوڵەت لێپرسراویەتی دەکەوێتە ئەستۆبەرامبەر بەدەوڵەتانی دیکە کاتێک هاووڵاتییەک یان ژمارەیەک لەڕووی ئابووری یان مرۆیی دەوڵەت لێی بەرپرسیاردەبێت و دەبێت قەرەبووی دەوڵەتانی زیانلێکەوتوو بکاتەوە لەحاڵەتی سەرکوتکردنی شۆڕش یان کودەتا ، بەڵام ئەگەر سەرانی شۆڕش یان کودەتا سەرکەوتن و دەسەڵاتیان گرتەدەست ئەوکاتە لێپرسراویەتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، چونکە دەسەڵات دەگرنەدەست و شەرعیەت وەردەگرن. قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتان کاتێک زیانیان پێدەگات لەلایەن دەوڵەتێکی دیکە لێپرسراویەتی دروست دەبێت، بۆیە دەبێت قەرەبووی ئەو زیانانە بکرێتەوە لەکاتێکدا زیانەکە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ. قەرەبووکردنەوەش دوو جۆرە قەرەبووکردنەوەی مادییە یان قەرەبووکردنەوەی مەعنەوییە:

1-مەعنەوی، مەبەست لەقەرەبووی مەعنەوی بریتییە لەپۆزشهێنانەوە کاتێک دەوڵەتێک لەئەنجامی هێرشی هاووڵاتیانی وڵاتێک بۆسەر بالۆێزخانەکەی سیادەی پێشێل دەکرێت، ئالای وڵاتەکەی دەسوتێنرێت ئەو وڵاتەی زیانەکەی داوە، پۆزشی بۆدەهێنێتەوە و لەمەراسیمێکی شایستەدا ئالای وڵاتی خاوەن بالۆێزخانە بەرز دەکاتەوە یان کاتێک هاووڵاتیانی وڵاتێک بێ ڕێزی دەکەن بەرامبەربەسەرۆکی وڵاتێک هاوشێوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە عێراقییەی بێ ڕێزی کرد بەرامبەربە (جۆرج بۆش)ی سەرۆکی ئەمریکا! پۆزش دەهێنرێتەوە بەشێوەی فەرمی.

2- قەرەبووی مادی کە بریتییە لەدیاریکردنی بڕێکی دیاریکراو لەماددە بەپێی زیانەکە کە لەدەوڵەتەکە کەوتووە دەدرێتە دەوڵەتی زیانلێکەوتوو. لێپرسراویەتیش بەپێی هەڵوێستی دەوڵەت یان بارودۆخی ڕووداوەکان دەگۆڕێت! چونکە لەکاتی ڕووداوەکاندا لێپرسراویەتی دەوڵەت دەگۆڕێت، جاری وا هەیە ڕووداوەکان لەدەرەوەی ئیرادەی دەوڵەت ڕوودەدەن، دەوڵەتەکە ناتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا! بۆیە لێپرسراویەتییەکەشی کەم دەبێتەوە، جاریش هەیە نامێنێ. پاراستنی بەرژەوەندیی وڵاتان لەڕووی سیاسی، ئابووری و پاراستنی بالۆێزخانەی وڵاتان و ستافی بالۆێزخانە و کەسانی بیانی لەناو وڵاتێک ئەرکی دەوڵەتەکەیە، بۆیە دەبێت دەوڵەت بەئەرکی یاسایی خۆی هەڵبستێت و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر بۆ پاراستنیان. بەڵام ئەگەر دەوڵەت لەتوانایدا نەبوو ڕێگری لەهێرشبەران بکات و ڕێوشوێنی یاسایی پێویستیشی گرتەبەر لەگەڵ ئەوەشدا زیانیان بەبینای بالۆێزخانە گەیاند یان زیانیان بە بالۆێز یان ستافی بالۆێزخانە گەیاند، ئەوە لێپرسراویەتی کەم دەبێتەوە چونکە دەوڵەت بەئەرکی خۆی هەستاوە و کەمتەرخەمی نەکردووە. بەڵام ئەگەر لەئەنجامی کەمتەرخەمی دەوڵەت زیان بەردەوڵەتێکی دیکە کەوت بەهەرشێوازێک بێت، ئەوە دەوڵەت بەرپرسیار دەبێت هاوشێوەی ڕووخانی بەشێک لەبینای کەعبەی پیرۆز لەوڵاتی سعودیە لەکاتی فەریزەی حەجدا کە بووە هۆی مردن و زامداربوونی چەندین هاووڵاتی وڵاتانی دیکە، بۆیە دەوڵەتی سعودیە بەرپرسیاربوو و ناچار بوو قەرەبووی مادی ومەعنەویشیان بکاتەوە چونکەلەئەنجامی کەمتەرخەمی وڵاتی سعودیە ئەو زیانە ڕوویداوە. عێراقیش وەک دەوڵەتێکی خاوەن سیادە و ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و بەشدار لە چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بەقۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە لەسەرەتای دروستبونییەوە. عێراق وەک دەوڵەت ئیلتزاماتی زۆری دەکەوێتەسەر لەڕووی یاسای نێودەوڵەتی کە ناچارە جێبەجێیان بکات. بەتایبەت هەوڵدان بۆبڵایەنی لەکێشە ناوچەییەکان لەنێوان وڵاتان کە ڕیشەیەکی قوڵیان هەیە بەو پێیە عێراق یەکێکە لەوڵاتانی ئەندام لەڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەن. بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و وەلانانی پێشوو بوو ، ئەوی بشیەوێت جارێکی دیکە بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، ئەوا دواپین بزمار لە تابووتی دەوڵەتی عێراق دەدات.

و: ڕەمزی میرەکانی

لەجێگەی خۆدورگرتن لەکێشە و ململانێکانی ناوچەکە کەوتە ژێر کاریگەری شەڕی تائیفی تۆڵەسەندنەوە کە تەنها گەلی عێراق باجی داوە! عێراق بووەتە ناوچەیەک بۆتەسوێی حساباتی وڵاتان. بۆیە عێراق نەیتوانی بەئەرکی یاسایی خۆی هەڵبستێت بەتایبەتیش لەپاراستنی بالۆێزخانە و کونسولگەرییەکان و پاراستنی ژیانی کەسانی بیانی وەک دیپلۆمات و بازرگان و گەشتیاری بیانی تاگەیشتە بێ ڕێزی بەسەرۆکی وڵاتان و وەزیر و نێردە دیپلۆماسییەکان کە چەندین جار کەسانی بیانی دەڕفێنران و تیرۆر دەکران کە دەکرێت ئاماژە بە فڕاندن و کوشتنی سەفیری میسر و ڕفاندنی سەفیری پاکستان و هێرش بۆسەر بالۆێزخانەی وڵاتان بکەین کەبەشێکی لێپرسراویەتییەکان لەسەرعێراق کەم بۆتەوە یان نەماوە بەهۆی بارودۆخی عێراق، چونکە لەدەرەوەی ئیرادەی عێراقدا بووە، دەوڵەتانیش داوای قەرەبوویان نەکردووە.

بەڵام هێرشی ئەمدواییەی سەر بالۆێزخانەی ئەمریکا بەرپرسیاریەتی دەکەوێتە سەرعێراق، دەکەوێتە ژێر لێپرسراویەتی بەرامبەر بەدەوڵەتی زیانلێکەوتوو، جگە لە ناشیرین بوونی سومعەی دەوڵەت، چونکە ڕێوشوێنی تووندوتوڵیان بۆپاریزگاری کردن لەبالۆێزخانەی ئەمریکا نەگرتۆتە بەر، لەکاتێکدا دەیانتوانی پاریزگاری لێ بکەن. بینای بالۆێزخانە دەکەوێتە ناوچەی سەوز کە ناوچەیەکی پاریزراوە و خۆپشاندەران ناتوانن بگەنە بینای بالۆێزخانە .

3-بەشێک لەوکەسانەی کە بەناوی خۆپێشاندەر هێرشیان کردۆتە سەربالۆێزخانە پۆشاکی سەربازییان لەبەر بووە.

.تەپەشێک لەوهێزانەی کە ئەرکیان پاریزگاری بووە لەناوچەی سەوز و بالۆێزخانەی ئەمریکا، لەجێگەی پاریزگاریکردن لەبینای بالۆێزخانە، هاوکاری خۆپێشاندەرانیان کرد بە لابردن و شکاندنی بەربەستەکان، بەمەش هێرشبەران زیانیان بەبالۆێزخانە گەیاند.

*** ئەندامی دەزگای گشتی هەڵبژاردن.**





کوردستان لە میدیای جیهاندا

ئا: ڕێبوار حەمەلا و شوانی



پۆمپیۆ لەگەڵ سەرکردەی کورد بارزانی لە ئەڵمانیا کۆبووەوە

Republic World-

مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە پەراوێزی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش لەگەڵ مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.کۆبوونەوەی ڕووبەروو لە کاتێکدا دێت کە تەنگژە و بێ متمانەیی نێوان واشنتن و عێراق دوای کوژرانی ژەنەراڵ قاسم سلێمانی فەرماندەی پێشووی قودسی سوپای پاسداران لە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکا لە بەغدا کوژرا.بارزانی هۆشداری دا لە مەترسی بەردەوامی داعش و داوای کرد کە بەشدار نێودەوڵەتی دژی داعش زیاد بکرێت.

بارزانی داوا دەکات کورد لە حکوومەتی عێراقدا کاندیدی خۆیان هەڵبژێرن

Asharq Al-awsat English-

دەربارەی هەوڵەکانی پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق، عەرەفات کەرەم بەرپرسێکی باڵای پارتی دیمۆکراتی کوردستان ، ڕەخنەی لە هەندێ هێزی سیاسی شیعە گرت کە مافیان بەخۆیان داوە سەرۆکوەزیران هەڵبژێرن و لە هەمانکاتدا ناهێڵن کورد وەزیرانی خۆیان دەستنیشان بکەن.بەگوتەی عەرەفات کەرەم ، بارزانی ڕایگەیاندووە هیچ کەسێک ناتوانێت وەزیر لەبری کورد هەڵبژێرێت و هێمای بۆ ئەوە کردووە کە هەموو کەسێک دەزانێت عەلاوی لە ئەنجامێکی ڕێکەوتنێکی نێوان کۆتلەی سائیرۆن و کۆتلەی فەتح بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕاسپێردراوە.



سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان: کۆشتنی سەرکردەی داعش زیانی بە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم گرووپە نەگەیاندووە

Washington Post

مەسروور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە کە کوشتنی ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش کاری نەکردۆتە سەر توانای ئەم گرووپە توندڕەوە لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و چالاکیەکانی و هۆشداری ئەوەی داوە کە داعش دووبارە دەست بە یاخیگەری دەکاتەوە.بارزانی جەخیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە داعش خۆی دووبارە ڕێک دەخاتەوە و ژمارەی هێرشەکانی لە باکوور و ڕۆژئاوای عێراق زیاد کردووە.بارزانی بە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ڕاگەیاندووە کە ئەو نیگەرانی کوردی بە مایک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گەیاندووە کاتێک لە کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش لە ئەڵمانیا کۆبووەوە .

بەشداری لیدریان لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن

France Diplomatie

جۆن لیدریان وەزیری فەرەنسا بۆ کاروبارەکانی ئەوروپا و دەرەکیەکان لە کۆنفرانسی میونشن لەگەڵ بەڕێز مەسروور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە.لە کۆبوونەوەکەدا دووپات لەسەر پشتگیری فەرەنسا لە دەسەڵاتدارانی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جەنگی دژ بە داعش کرایەوە کە پێویستە جەنگی دژ بە داعش بەردەوام بێت و پشتگیری فەرەنسا بۆ بەهێزی سەروەری عێراق جەختی لەسەر کرایەوە.

لەپەراوێزی دیداری مەسرور بارزانی و پاپای ڤاتیکاندا
کوردستان نموونەیکی جوانی بەیەکەوەژیانە



وەیسی سەعید وەیسی

یەکێ لە خەسڵەت وتایبەتمەندییە سەرنج ڕاکێش و جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان پێکەوەژیانی ئایینی ونەتەوەییەکەزۆربەڕوونی هەست بەبوونی دەکرێت وئەمەشیان شتێکی تازەونوێ بێت بەڵکو ڕەگ وریشەی قوواڵی هەیە کە بەدرێژایی مێژوولەگەڵ ئەوەی کوردستان بە چەندین قۆناغی جۆراوجۆر گوزەری کردووە، بەڵام هەمیشە شوێنی پێکەوە ژیانی هەموو ئایین و نەتەوە و مەزهەبێک بووە، بەجۆرێک هەر هەموویان خۆیان بەخاوەن مااڵ زانیوە کە ئیماندارانی سەرجەم ئایینەکانیش بەیەکەوە ئەرکە ئایینەکانیان ڕاپەڕاندووە هەر شاندێکیش بۆ یەک جار سەردانی کوردستانی کردبێ هەستی بەم تایبەتمەندییەی کردووە. کە بەدڵنیایەوە ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرنگی لێ کەوتۆتەوە کە لەدیداریدا لەگەڵ بەڕێز مەسروربارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پاپا فرەنسیس ستایشی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی کرد.

بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانەی ئایینەکان کەهەمیشە بەتەنگ پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایییەوە بووە کەئەمەش دەسکەوتێکی تری پرلەشانازی بووکە چوپاڵ سەروەریەکانی تر، چوونکە گەلی کوردستان بەتێگەیشتنی تەواوی لە حەقیقەتی ئیسلام وەک ئایینێکی لیبڕبوردە و میهرەبان بریاری پێکەوەبوونی داوەلەگەڵ ئیماندارانی سەرجەم ئایینەکان وێرای ئەوەی ڕێبەرانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەمیشە فاکتەرێکی گرنگ بووینە بۆ چەسپاندن و بڵاوکردنەوەی بنەماکانی پێکەوە ژیان و داکۆکی کردن لە مافی پێکهاتەکان گەر تەنها هەڵوەستەیکی خێرا لە هەمبەر مێژووی گوندی(بارزان) بکەین دەردەکەوێت کە جگە لە وەی (بارزان) مەڵبەندێکی گەورەی خواپەرستی وکوردایەتی وبەرخودان بووەلە هەمان کاتیشدا شوێنی پێکەوەژیانی ئایینەکانیش بووەکەلە سایەی حوکمرانی شێخ عبدالسلام بارزانی باوەردارانی چەندین ئایین بەبێ جیاوازی لە ئەرک وماف دا یەکسان بوونە وهەستیان بە هیچ جیاوازێک نەدەکرد بەجۆرێک باوەردارانی هەرسێ ئایین (موسلمان - مەسیحی -جوو)لەتەک یەک بوون بۆیەش کاتێک قەشەی بناوبانگ (وێگرام) سەردانی دەڤەری بارزان دەکات بۆی بەدیاردەکەوێت شێخ عبدالسلام بارزانی زیاتر لەوان لە خەمی باوەردارانی هەموو ئایینەکان دایەبێ جیاوازی، خۆشحاڵ و سەرسام دەبێت قەشە بەشێخ دەڵێت ئەوی تۆ دەکەی بۆ پێکەوەبوونی هەموان بە ئێمە ناکرێت بۆیە دەگەڕێتەوە وە کەئەمەش بوویتە بناغەیێک بۆڕێزگرتن وپاراستنی مافی ئایینداراانی هەموو ئایینەکان کەسەرەنجام بووە فەرهەنگی کوردستانیان کە بە درێژایی مێژوو هەمیشە هەوڵی پاراستن وقوڵکردنەوەی دراوە کە سەردەمی شۆرشی ئەیلوولی مەزنیش بەقۆناغێکی تری زێرین دادەندرێت کەهەموو پێکهاتە ئایینی ونەتەوەیی ومەزهەبییەکان لەژێرسەرکردایەتی بارزانی نەمرداهەستیان بەبوونی خۆیان کردوە، چونکە بۆیەک ئامانج ومەبەست هەرموویان لەتەک یەکدا ڕێکخرابوون کەئازادی کوردستان بوو، کەسەرەنجام خودی بارزانی نەمریش بوەپارێزەری مافەکانیان وای کرد حکومەتی ئەوکاتی عیراقیش دان بەمافەکانیان بنێت لەکوردستاندا تەنانەت دوای ڕێکەوتنامەی 11 ئادار لەگەڵ ئەوەی بەپێ یاسای ئەوکاتی عیراق ڕێگاپێ نەدراوبوو کەکەسێکی ناموسلمان ببێتەقائیمقام بەاڵم پێ داگیری و سووربوونی بارزانی نەمر وای کرد ڕەحمەتی (فرەنسۆهەریری) کەبەئایین ئاشوری بوبکرێتەیەکەمین قائیمقامی قەزای چۆمان بۆیەش لەخەباتی شاخ وشۆرشگێڕیشدا لەپێناوپاراستنی کوردستان خۆینی ئیماندارانی هەموئایینەکان تێکەاڵوی یەکتربوونە و لەزۆر شوێنیشدالەتەک یەکتردا نێژراون کە دوایی ئازادی کوردستان وهاتنەئارای پەرلەمان وحکومەتی کوردستان هەول درالەڕێگای هەرێمی کوردستان کردبوو . کەلەڕاپۆرتی سااڵنەی خۆی دا کۆمیسیۆنی ئەمریکی بۆئازادییەئایینییەکانیش تیشکیان خستۆتەسەرپێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان وەک پەناگەیەکی ئارام بۆ ڕاگوێزراوان ولێقەوماوەکان لەپێکهاتەئایینی ومەزهەبییەکان وەسف دەکات لە ژێر ژمێریدا دیدارەکەی بەڕێز مەسروربارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ قەداسەتی پاپای ڤاتیکان دەگەینە ئەو دەرەنجامەییەی کە کوردستان نموونەیێکی جوانی بەیەکەوەژیانە، گرنگە هەموان پارێزگاری لێ بکەین و پەرەی زیاتربەم کولتوورە جوانەیە بدەین کە نیشانەی پێشکەوتنی کوردستانە چونکە هەموومان هاوبەش و هاوچارەنووسین کە هیچ هێزێکیش ناتوانێت کەلێنێک لەم نێوەندە دا دروست بکات لەگەڵ ئەمەشدا گرنگە لەم ڕێگایەوە ڕێگری لە هزری تیرۆر وتۆقاندن وجیاکاری ئایینی و تائیفی بگیرێت کەهەموومان لەمرۆڤ بوون بۆ ئەوە خی زیاتر بەم فەرهەنگەجوانەی پێکەوە ژیان بدەن تا نەوەی ئێستا وداهاتووش لێ سوودمەند بێت کە هەموو ئەمانەش دەبنەفاکتەری پاراستن وبەرەوپێش بردنی کوردستان و بەهێزترکردنی پەیوەندی وواڵتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

ئایا حەمە عەلاوی دەتوانێ باڵانس رابگرێ؟



سووڕە مەرگەیی

محەمەد عەلاوی بۆ بوونی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق پێویستی بە دەنگی یاسایی پەرلەمانی عێراقە ، ئەو فراکسیۆنە پەرلەمانیانەی دەتوانن ئەو ڕێژە دەنگە بۆ بوونی محەمەد عەلاوی بە سەرۆک وەزیران کۆ بکەنەوە لەلای خۆپێشاندنران گەندەڵن، لێرەوە محەمەد عەلاوی دەکەوێتە نێوان بەرداشی دوو خواستی دژ و پێچەوانە، بەرداشێکی تر کە محەمەد عەلاوی دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات بۆ بەرداشی ئێران و ئەمەریکای سیر و ماڕە.

ئەرکی لە پێش و هەنووکەیی محەمەد عەلاوی شەقامی عێراق و ئارامکردنەوەی شەقامیش لە قۆناغی یەکەمدا پێویستی بە جێبەجێ کردنی داواکاری خۆپیشاندەرانە، لە هەمان کاتدا دەبێ بەرژەوەندی ئەو حزب و لایەنانەش لەبەرچاو بگرێ کە کەژاوەی گەیشتن بە کورسی سەرۆک وەزیرانی بۆ دەڕازێنەوە، خۆپیشاندەرانیش دژ بە ڕازاندنەوەی ئەو کەژاوەیەن کە عیراقی بە دۆخەی ئێستا گەیاندووە، جا ئەگەر داواکاری خۆپیشاندەران لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە، تێدەگەین کە محەمەد عەلاوی و کابینەکەی بە چ دەردێک دەچن.

1- خۆپیشاندەران داوای دادگایی کردنی گەندەڵکاران و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی دەکەن، محەمەد عەلاویش بۆ بوونی بە سەرۆک وەزیرانی عێراق پێویستی بە دەنگی ئەو حزب و فراکسیۆنە پەرلەمانیانەیە کە خۆپیشاندەران بە گەندەڵیان دەزانن، ئایا محەمەد عەلاوی دەتوانێ ئەوانە بداتە دادگا کە بووکەڵەیەک دەبێ بە دستیانەوە؟ ئایا محەمەد عەلاوی لەناو ئەو هەموو فەزایەی عیراق دەتوانێ داواکاری خۆپیشاندەران لە ئاوەدانی خۆشگوزەرانی جێبەجێ بکات؟.

2- خۆپیشاندەران دەڵێن: ئێران بۆ دەرەوە، میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئێرانیش دەڵێن: ئەمەریکا بۆ دەرەوە، محەمەد عەلاویش بەبێ بوونی (OK) و ڕازامەندی ئێران ناتوانی بە خەونیش کورسی سەرۆک وەزیرانی عیراق ببینێ، ئایا محەمەد عەلاوی لەو دوو (دەڵێن)ە دژە کامیان هەڵدەبژێرێ؟

لێرەوە کێشە و بەربەستەکانی بەردەم محەمەد عەلاوی و کابینەکەی کۆتاییان نایات، بەدەستهێنانی پشتیوانی کورد و سوننەش دوو کێشە و بەربەستی ترن، بەدەستهێنانی ئەو پشتیوانیەش بەندە بەوەی تا کوێ بەدەنگ خواست داواکاریەکانیانەوە دێ، ئێران و میلیشیاکانی سەر بە ئێرانیش نەک هەر لەگەڵ خواستەکانی کورد و سوننە نین، بەڵکو دژی هەر خواستێکی ئەو دوو پێکهاتە سەرەکیەن و دەیانەوێ خۆیان خواستەکانیان بۆ دیاری بکەن، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە حکومەتەکەی محەمەد عەلاوی ناتوانێ باڵانس لە نێوان ئەو دژانە ڕابگرێ، بۆیە حکومەتەکەی عەلاوی بەر لەوەی لە دایک بێ لەبار دەچێ و عیراق دەخاتە ناو کۆمەڵێ گێژاوی نوێوە.

دادگای بەرایی سلێمانی/۲
ژمارە: ۱۰۵٦/ب/۲۰۱۹
رێکەوت: ۲۰۲۰/۱/۱۹
ئاگاداری
داوالەسەرکراو: بەرێوەبەرایەتی رێگەپێدراوی کۆمپانیای ئۆرنج سکای سەردەرای کارەکەی شوێنی نیشتەجێی ئێستات نادیارە لەسەر داوای داواکار (بەرێوەبەری کۆمپانیای mind pixle سەردەرای کارەکەی)
ئەم دادگایە لەرێکەوتی (۲۰۱۹/۱۲/۵) بڕیاری دا لەدەاوای بەرایی ژمارە (۱۰۵٦/ب/۲۰۱۹) بەپابەندکردنی داوالێکراو/ ۱- بەپێدانی بڕی (۱٤۰۰۰ چوارەدە هەزار دۆلار) بەداواکار بان بەرامبەرەکەی بەدراوی نیشتمانی کە دەکاتە (۱٦۸۲۱۰۰۰ شانزە ملیۆن و هەشت سەدو بیست و یەک هەزار) دینار/۲ پابەند کردنی داوالێکراو بەتێچوی داواو کرێی ماندبوونی بریکاری داواکار بەبڕی (۱٦۸۲۱۰۰ یەک ملیۆن و شەش سەدو هەشتاو دوو هەزار و سەد دینار کە لەلایەن داواکار (ناوبراو) لەبەر ئەوە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لەدوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی دا مافی (اعتراض و تێهەلچوونەوەو پێداچوونەوەی) هەیە لە ماوەی یاسایید ا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کەمال رضا احمد
***
فەرمانگەی دادنووسی سلێمانی- ئێواران
ژمارەی گشتی/ ۱۷۲۷۰
بەروار: ۲۰۱۹/۸/۲۹
هۆشداری
لەرێگای دادنووسی سلێمانی- ئێواران بۆ: هۆشپێدراو/ بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای ئورنج سکای بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردن و بازارکردنی میدیایی/ سنوردار – سەرەڕای کارەکەی
ناونیشان: سلێمانی- بازاڕی زارا – نهۆمی (٤) شقەی ژمارە (٤۳)
بریکاردارم سەرەڕای کارەکەی گرێبەستێکی واژۆ کرد لە رێکەوتی ۲۰۱۸/۲/۲۲ تایبەتە بە بەکرێدانی بۆشایی ئاسمانی لەسەر مانگی دەستکردی نایل سات بۆ کەناڵەکانی (KURDNEWS HD) و (KURDNEWS SD)ی ئاسمانی بەکرێی مانگانە (۷۰۰۰ $) حەوت هەزار دۆلاری ئەمریکی وە تۆی هۆشپێدراو سەرەڕای ئەوەی کرێی مانگانەکانی (ئایار و حوزەیران)ی ساڵی (۲۰۱۸)ت نەداوە بەبریکاردارم کە دەکاتە (۱٤۰۰۰ $) چوارەدە هەزار دۆلاری ئەمریکی وە بەرێزت سەرەڕای کارەکەت یەک لایەنە بەبێ ئاگاداری بریکاردارم هەڵساوی بەپێشێل کردنی گرێبەستی ئامادە پێکراو وە داخستنی هەردوو کەناڵی ئامادە پێکراوی سەرەوە بۆیە هۆشداریت پێ دەدەم کە لەماوەی ۳۰ سی رۆژ دوای پێ راگەیاندنت دەبێ دووبارە پابەندی گرێبەستی ئامادە پێکراو بی دەنا بەپێچەوانەوە ناچاردەبین روو لە دادگای تایبەتمەند بکەین بۆ بەرزکردنەوەی داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست لەگەڵ قەرەبوو (فسخ العقد مع التعویض) لەگەڵ هەر فەرمانێکی تر ئەگەر هەبێت بۆ بریکاردارم لەگەڵ خستنەسەرت خەرجی داواو ماندبوونی پارێزەرایەتی هۆشپێدراو مافی گلەیی نییە.
دادنووسی یەکەمی سلێمانی
ئێواران/ قوباد قوربانی علی
***
کۆمپانیای النبط
بۆ بازرگانی گشتی سنوردار
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان
من پارێزەر (زانا سردار قادر) کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای النبط بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) کە لە رۆژی ۲۰۲۰/۲/۱۵ بریاردراوە بەداتانم وەک پاکتاوکاری کۆمپانیا ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێک پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە ئەوا لەماوەی ۱۰ دە رۆژدا پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.
پاکتاوکار
پارێزەر/ زانا سردار قادر
۰۷۷۳٦۹۵۹۵۹۵
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:۲/ت/۲۰۲۰
رێکەوت: ۲۰۲۰/۲/۲۳
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (۸۷۸٤٤/هەلێر – تایبەت) جۆری (فوکس واکن) مۆدیل (۱۹۹۳) ڕەنگی (سوور) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (مغدید علی فرحان) لە رۆژی (۲۰۲۰/۳/۹) کاتژمێر (۱۲) نیوەڕۆ جا هەر کەسێک دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با نامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (۱۰٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت،ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (۲,٤۰۰,۰۰۰ ملیۆن دینار).
دادوەری یەکەم / دیار محمد علی
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر
بەرێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێری و دارایی بەشی یاسا
ژمارە: ۳۷
رێکەوتی: ۲۰۲۰/۲/۲۳
ئاگاداری
ئاگاداری سەرجەم هاوواڵتیان دەکەینەوە کە وەبەرهێنەر کۆمپانیای KURD PET کە پرۆژەی (IWAN PARK) بە مۆڵەتی ژمارە (۸۸۳)ێ وەبەرهێنان جێبەجێ دەکات ناوی پرۆژە لە (IWAN PARK) دەگۆڕێت بۆ (The Boulevard) هەرکەس و لایەنێک لاری هەیە لەسەر ناو گۆڕینەکە با سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتیان بکات لەماوەی ۳۰ رۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگادارکردنەوەیە
سامان عارب صادق
بەرێوەبەری گشتی
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی عەنکاوە
ژمارە: ۲۰۱۹/۱٦۸
رێکەوت: ۲۰۲۰/۲/۲۳
ئاگاداری
بەرێوبەرایەتی جێبەجێکردنی عەنکاوە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (۲۰۱۹/۱٦۸) ئۆتۆمبێلی ژمارە (LKZ۹۵۷) ڕەنج ڕۆڤەر مۆدێل ۲۰۱۰ قەرزار (امیر شمس الدین حسین) بەلێک زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتی قەرزی (رۆژگار ابوبکر محمد) کە بڕی (۲۰,٤۰۰,۰۰۰ بیست ملیون و چوار سەد هەزار دینار) هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لە ماوەی (۷) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە نامادەبێت لەم بەرێوەبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆی کریارە و پشکەکانی کۆمپانیا بەبڕی (۱۸,۰۰۰,۰۰۰ هەژدە ملیۆن دینار) قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە
***
کۆلێژی هەولێری پزیشکی
بەکرێدانی کۆشکی کۆلێژ
هەلدەستێ بەبەکرێدانی کۆشکی کۆلێژەکەمان بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بەم مەرجانەی خوارەوە:-
۱- کەسی پێشکەشکار پسولەی باجی دەرامەت بێنێت
۲- کارتی تەندروستی هەبێت
۳- پێشینەی کاری هەبێت
٤- پابەندی گشت رێنماییەکانی کۆلێژ بێت
٥- پێشکەشکار نابێت فەرمانبەر بێت
لە رێکەوتی ۲۰۲۰/۲/۱۳ تاکو ۲۰۲۰/۲/۲۷
د. نشوان کرخی عبدالکریم
یاریدەدەری ڕاگر
***
فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
کارگێری و خزمەتی
ژمارە: ٤۲۱
رێکەوت: ۲۰۱۹/۱۱/۲٤
پێراگەیاندن و هۆشداری
بۆ هۆشداری بۆ کراو (عزت عزیز علو) بەهۆی نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (نیسکان) لە ۲۰۱۹/۱۱/۲۰ کە ئاراستەی بنکەی پۆلیسی ئیسکان کراوە بەپێی هۆشداری ژمارە (۲/۳٥۲) لەرێکەوتی ۲۰۱۹/۱۰/۲۹ پەسندکراوی لەلایەن فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر کە تایبەتە بەجێبەجێ نەکردنت بەنەدانی قیستی (۸ و ۹) لە کۆمەڵگای ئەتلانتیکی نیشتەجێ هەروەها وەرنەگرتنی کلیلی شوقەکەت کە رادەستی فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر کراوە بۆیە لەماوەی حەفت رۆژدا بفەرموو بە وەرگرتنی کلیلی شوقەکەت و دانی قیستی دواکەوتووەکانت بپێچەوانەوە بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر بە یاسا بۆیە داوا دەکەین بفەرموون بە ئەنجامدانی کاری پێویست بەبلاوکردنەوەی لەرۆژنامەکەتان لەگەڵ رێزدا..
دادنووس/ عبدالستار عثمان نادر
***
دادگای باری کەسی قوشتەپە
ژمارە: ۲۰/ش/۲۰۲۰
رێکەوت: ۲۰۲۰/۲/۲۳
جاردان
بۆ داوالێکراو (شریفه هژار مراد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامادە بە داوای ژمارە (۲۰/ش/۲۰۲۰) کە تایبەتە بە داواکار (بەرزان بنگین ملول) و داوالێکراو (شریفه هژار مراد) جۆری داوا بریتیە لە (تصدیق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری کارگێری کەمپی قوشتەپە دادگا بریاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ۲۰۲۰/۳/۱ یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت نامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ معتصم امین لیلانی
***
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر
ژمارە/ ۲۰۱٤/۳۰٤۱
رێکەوت/۲۰۲۰/۲/۲۳
ئاگاداری
بەرێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ۲۰۱٤/۳۰٤۱ کەلوپەل و ئامێری کارگەی (رێباز غفور اسماعیل) هاوپێچە . قەرزار رێباز غفور اسماعیل بە لێک زیادکردنی ئاشکرا دەفرۆشێت لە جیاتی قەرزی لقمان عبدالقادر نجم کە بری (٥۰۰,۰۰۰,۰۰۰) ملیۆن دینارە. هەرکەسێ ئارەزووی کرینی دەکات لەماوەی ۷ رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە نامادەبێت لەم بەرێوەبەرایەتیە و دەلالیەکەش لە ئەستۆی کریارەو نرخی کەلوپەل و ئامێرەکان بەبڕی (۱٦۹,٥۰۰,۰۰۰) دینار قرساوە.
جێبەجێکاری داد/ احمد محمد فرزی
کەلوپەلەکانی کارگەی
۱- دوو ئامێری دروستکردنی صۆندە کامل
۲- یەک رافعە
۳- یەک ئامێری مزەخەی گەورە ۷۰طن مواد خام.
٤- یەک ئامێری دروستکردنی مواد
٥- یەک براد ئاو
٦- یەک سلاجە
۷- یەک طباغ
۸- دوو بطل غاز
۹- ۳٦ طۆپ صۆندەی ۲,٥ ملم ، ۱۰۰ مەتری
۱۰- ۱٤ طۆپ ۳ اینچ ۱۰۰ م
۱۱- ۱٥ طۆپ ٤ ئینچ ۱۰۰ م
۱۲- ۲٥ طۆپ ۲٥ ملم ۲۰۰ م
۱۳- ۱۱ طۆپ ٤ ملم ۲۰۰م
۱٤- ۱٤ طۆپ ۱,٥ ۱۰۰ م
۱٥- ۸٥ طۆپ ۳۲ ملم ۱۰۰م
۱٦- ۱۲۰۰ صۆندەی ۲,٥ هەر دانەی ٦ م
۱۷- ۲۸۰ صۆندەی ٤ ئینچ هەر دانەی ٦ م
۱۸- ٦٦۰ صۆندەی ۲,٥ هەر دانەی ٦ م
۱۹- ۹۰۰ صۆندەی ۲,٥ هەر دانەی ٦ م
۲۰- ۱۰۷ صۆندەی ٤ ئینچ هەر دانەی ٦ م
۲۱- ۱٦۰ طۆپ صۆندەی ۲۰ ملم ۳۰۰م
۲۲- ۸۰ فەرەدە سەری صۆندەی ٤ ئینچ
۲۳- ۲٥ فەرەدە سەری صۆندەی ۲,٥
۲٤- ۲٤ طۆپ صۆندەی ۱٦ملم ۳۰۰ م
۲٥- ٥ طۆپ صۆندەی ۲,٥ ۱۰۰ م
۲٦- ٦ طۆپ صۆندەی ٤ ئینچ ۱۰۰ م
۲۷- ۱۱ طۆپ صۆندەی ۳ ئینچ ۱۰۰ م
۲۸- ۳٦۰ طۆپ صۆندەی ۲,٥ هەر دانەی ٦ م
۲۹- ۲۹ طۆپ صۆندەی ۱,٥ ۱۰۰م
۳۰- ۳۹ طۆپ صۆندەی ۲۰ ملم رەق ۲۰۰ م
۳۱- ۲٦ طۆپ صۆندەی ۲٥ ملم ۲۰۰ م
۳۲- ۸۱ طۆپ صۆندەی ۳۲ ملم ۱۰۰ م
۳۳- ٥۷ طۆپ صۆندەی ۲ ئینچ ۱۰۰ م
۳٤- ۲٥ طۆپ صۆندەی ۱,٥ ۱۰۰ م
۳٥- یەک تانکی گاز ٥۰۰۰ لتری
۳٦- یەک مولیدەی گەورە Green power رەنگی سەوز.
۳۷- یەک ئامێری ساردکردنەوەی ئاو براد بۆ هەردوو ئامێری دروستکردنی صۆندە.
***
المدیریة العامة للدوائر العدلیة
دائرة الکاتب العدل (دەشتی هەولێر)
العدد العمومی/ ۱٥۱
التاریخ/ ۲۰۱۹/٥/۲۲
انذار
بواسطة الکاتب العدل في (دەشتی هەولێر) الی (وسام ریاض جمعة) العنوان (بغداد – السیدیة ۸۲٥/۳۰ , ز ٤٤
انذار ایداع مفتاح الشقة
مضمون الانذار د/۳
الی صاحب الشقة المرقمة (٤-۷-۷)
نود ابلاغک بان شقتک المرقمة (٤-۷-۷) قد اکمل بناءه و جاهزة للتسلیم منذ ۲۰۱۸/۱۰/۱ بموجب عقد التوقیع والشراء المبرم بیننا في ۲۰۱٤/٦/۲۲ و قد تم الاتصال بک لمرات عدیدة ولکن لم تحضر للاستلام وان هذا انذار رسمي لاستلام الشقة و استلام المفاتیح عن طریق کاتب عدل. و علی الرغم في تاخرک في دفع الاقساط المستحقة المرقمة (القسط الثاني و الثالث و الرابع والخامس و السادس و السابع و الثامن) لذا فان علیک الالتزام و خلال ۸ ایام باستلام مفاتیح الشقة و التوقیع علی محظر الاستلام و دفع کافة الاقساط و المستحقات المتأخرة بموجب العقد و بعکسه نضطر للجوء الی القضاء للمطالبة بکافة حقوق موکلنا بموجب عقد المشار الیه اعلاه ومن ضمن فسخ العقد مع طلب التعویض و تحمیلک کافة المصاریف.
الکاتب العدل/ مسعود سلیمان علی
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ۲۱۳/ب/۲۰۲۰/٤
رێکەوت/ ۲۰۲۰/۲/۲۳
جاردان
بۆ داوالێکراو (ارام ادهم اسماعیل)
داواکار (محمد نشات رسول) داوای ژمارە (۲۱۳/ب/۲۰۲۰/٤) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری کارگێری کەمپی قوشتەپە دادگا بریاریدا لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەبەرواری ۲۰۲۰/۳/۸ یان جێگرێکی یاسایی لەجیاتی خۆت نامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوک
ژمارە/ ٥۰/ش/۲۰۲۰
رێکەفت/ ۲۰۲۰/۲/۲۰
راگەهاندن
بۆ داوالێکری احمد محمد سلیمان
ل دویف داخزیا داواکار سوزان محمد احمد و کێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخزا لێک جودابونێ ژ تە کریە ژ بەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجی بونا تە بو دادگەهێ ل دویف نڤیسارا بەربژارێ گوندێ مالتا سەری ل رێکەفتێ ۲۰۲۰/۱/۱۳ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامێت روژانە دا نامادەبی ل روژا ۲۰۲۰/۳/۸ یان بریارکەرکێ پێش خو ڤە نامادە بکە و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەهـا تە پاشملی هێتەکرن.
دادوەر/ زیرڤان احمد حسین
***
نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری پاریزگای هەولێر/ گەرەکی ۹۹ی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە. بۆیە دەبێت نامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی رۆژی ۲۰۲۰/۳/۹ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت پاشملە.
داوەر/ کاوە صدیق حسین
***
بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ۲۱۲۹٥
رێکەوت: ۲۰۱۹/۱۲/۱
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (M.G) بۆ
(بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (M.G) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) لە رێکەوتی (۲۰۱۹/۱۱/۲۰) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەرێز (ارشد قادر یوسف) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (۱٦۰) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) ساڵی ۱۹۹۷ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ۲۰۱۹/۱۲/۱
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین
ژمارە / ۱۲٤۷
رێکەوت /۲۰۲۰/۲/۱۸
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کرال بروفیل kral profel / بۆ بازرگانی گشتی - هێنان و بردن / سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (۱۷۷) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) ساڵی ۱۹۹۷ هەمواکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێک ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (۱٦۰) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) ساڵی ۱۹۹۷ ی هەموواکراو ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ۲۰۲۰/۲/۱۸
أراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Reservoir Geologist
Work Location	Oslo
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

DNO is seeking to appoint an experienced geologist for this exciting development. The role's main objective is to coordinate the reservoir characterization of DNO's development assets and lead the well planning. The reservoir geologist will be joining an international and dynamic working environment alongside experienced, skilled and motivated colleagues. The position will be based in DNO's corporate Oslo headquarters within a team of geoscientists focused on the Kurdistan region of Iraq.

Required Qualifications & Experience:
- Oversee field development geological activities and contribute to improving field subsurface understanding
- Seismic interpretation of structurally complex structures
- Play a key role in integration of new well data, geological, geophysical, petrophysical and dynamic data into the reservoir characterization that forms the main input to the geological model
- Target and trajectory determination for development & appraisal wells
- Prepare well proposals and follow up operational activities during drilling and testing
- Completion operations support
- Post well geological evaluation
- Volumetric calculations
- Engagement in ongoing geological studies with the corporate subsurface group and external parties

Required Qualifications and Experience:
- MSc in Geology or Geophysics
- Preferred 10+ year experience in the E&P Industry
- Involvement in appraisal/development well planning, operational follow up and post-well analysis
- Experienced with reservoir characterization, including integration of: core descriptions, well logs, image logs, dynamic data and seismic interpretation
- Understanding of key carbonate subsurface uncertainties and their impact on reservoir behavior
- Probabilistic volume assessment and risking
- Solid understanding of structural geology, especially in compressional settings is an advantage
- Comfortable user of Petrel
- Geophysical experience: experienced in seismic interpretation

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەک دەکەینەوە کۆمپانیای (M.G) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێک یان هەر لایەنێک مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Document Controller**
Direct Supervisor	MOC Coordinator
Department	Engineering
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: DC/E/Mar/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Manages full end to end DCC (Document Control) process of all Departments documents retrieval submittal and revision processes, incorporating projects ER / WO (Engineering Request / Work Order). Defines all necessary details to be added into documents, Manages templates and signature matrices, distribution matrices by document type. Manages the document review process and the document authorization process to ensure that all necessary signatories are present on the final version of the document. Manages the booking out and booking in of documents for revision. Works with all discipline engineers to ensure all documentation QA / QC (Quality Assurance / Quality Control) aspects are met and Khormor software DCC systems are update such that the documents can be made available to Operations. Acts as the owner and Technical Authority for the DCC Standard. Secondary objective is to meet the schedule. Updates Engineers.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
Contracts & Procurement Liaison

1. Is responsible for the scoping meeting for DCC input into MOC's and other projects and KM Department works (as needed), and identifies the deliverables that must be part of the information for the project from start to close out, provides input to MOC Closeout Coordinator and as needed Asset Planner to incorporate into the execution plan.
2. Is responsible for the preparation and delivery of the final information at the end of the project and prepares the dossier package of each project on closure, by coordination with Facilities Engineer, discipline engineers and contractors as applicable.

Reporting and Communication

3. Reports to the MOC Closeout Coordinator and EM/OM/GM as needed in absentia.
4. Works with Engineers and to ensure the project scopes and SOWs include the documentation requirements that will satisfy the dossier packages of the specific project on completion and or Operational needs.
5. Maintains and exhibits excellent working relationships with all Company staff.
6. Reports on the Projects closeout documentation status for KM Engineering for MOC Closeout Coordinator.
7. Reports to MOC Closeout Coordinator to ensure the availability of the project documentation on closure, the correct versions and the completeness of the dossier packages for storage and the access for all KM positions requiring this information.

Continuous Development of Position

8. Responsible leading discussions/coordinating improvements to the DCC procedures systems or software.
9. Leads a culture of continuous improvement promoting new approaches to improve delivery, increase productivity and reduce cost, while increasing the level of process safety awareness in the organization.
10. Identify SAP (Enterprise Resource Planning system) features to improve DCC systems.

Decision–making Authority

Decides and determines Pass / Fail criteria for MOC gates and close out for all projects.

Working and Other Reporting Relationships

MOC Closeout Coordinator	Daily/ Frequently

Supervisory Responsibility

Supervises Assistant Document Controller

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Further Education and appropriate DCC formal training, bachelor's degree is preferred.

Minimum Professional Experience Required

- Minimum (10) years' experience in projects, emphasis on DCC systems.
- Minimum (5) years' experience in Oil and Gas / EPCM / Engineering Company.

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Develops excellent relations with all Engineering Team to ensure smooth execution of brown field project with DCC requirements. • Excellent communication (written & verbal skills) in English. • Commitment to continues learning • Commitment to continued learning • Knowledge sharing Project experience.	• Ability to deal with individuals from various educational and ethnic backgrounds • Team worker • Making appropriate decisions with minimum supervision • Ability to demonstrate honesty, integrity and confidentiality • Flexibility • Alertness and attention to details Analytical skills.	• Excellent working knowledge of DCC software packages • Familiar with of API / ANSI / ISO / NACE / and other widely used Engineering Design Standards • Knowledge of SAP is a plus

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **04 March 2020**:

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR
e-Mail it to us at: **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Document Controller, Ref: **DC/E/Mar/20**)

DNO EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Senior Geologist
Work Location	Oslo
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:

DNO is seeking to appoint an experienced geologist for the continued exploration and appraisal effort on the Baeshiqa PSC. The senior geologist will join the subsurface team that is responsible for the well planning, execution, reservoir characterization and appraisal activities that are related to the license. An important part of this will form the following of ongoing long term well testing and required preparations to move the PSC into its first phase field development stage when successful. The senior geologist will be joining an international and dynamic working environment alongside experienced, skilled and motivated colleagues. The position will be based in DNO's corporate Oslo headquarters within a team of geoscientists focused on the Kurdistan region of Iraq.

Required Qualifications & Experience:
- Oversee field development geological activities and contribute to improving field subsurface understanding
- Seismic interpretation of structurally complex structures
- Play a key role in integration of new well data, geological, geophysical, petrophysical and dynamic data into the reservoir characterization that forms the main input to the geological model.
- Target and trajectory determination for development & appraisal wells
- Prepare well proposals and follow up operational activities during drilling and testing
- Post well geological evaluation
- Volumetric calculations
- Engagement in ongoing geological studies with the corporate subsurface group and external parties

Required Qualifications and Experience:
- MSc in Geology or Geophysics
- Preferred 10+ year experience in the E&P Industry
- Involvement in appraisal/development well planning, operational follow up and post-well analysis
- Experienced with reservoir characterization, including integration of: core descriptions, well logs, borehole image logs, dynamic data and seismic interpretation
- Understanding of key carbonate subsurface uncertainties and their impact on reservoir behavior
- Probabilistic volume assessment and risking
- Solid understanding of structural geology, especially in compressional settings is an advantage
- Comfortable user of Petrel
- Geophysical experience: experienced in seismic interpretation

Notes for interested Candidates

Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1949:
لە دوورگەی رۆدۆس ، رێککەوتننامەی ئاگربەست لە نێوان ئیسرائیل و عەرەب مۆر کرا.



سالی 1966:
لە غینیا سوپا بە زەبری هێز کوامی نکرۆمای لە دەسەلآت دوور خستەوە.



سالی 1980:
بۆ یەکەم جار میسر و ئیسرائیل بالێۆزیان ئالوگۆڕ کرد.



سالی 1981:
کۆشکی باکینگهام بە فەرمی ماڕەبڕینی دیانا و چارلزی راگەیاند.



سالی 2008:
پەرلەمانی کوبا رائول کاسترۆی بۆ سەرۆکایەتی وڵات دەستنیشان کرد.



سالی 2014:
لە میسر ئیبراهیم محلب راسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی تازە .



یەکێتیی ئابووری ئەورۆئاسیا..

رێکخراوێکی پڕ لە کێشە

خۆشەوی مەلا بڕایم

یەکێتیی ئابووری ئەوروئاسیا The Eurasian Economic Union (EAEU or EEU): کە ڕووسیا وەکو ئەلتەرناتیڤێکی گرینگ لەبارەی خاوکردنەوەی ئابلۆقەکانی ئابووری لەلایەن ڕۆژئاوا، هەروەها ڕێگەچارەیەکە، کە ڕووسیا بتوانێت ڕووبەڕووی مەترسییەکانی چین و وڵاتانی دیکەی ئاسیایی باشووری ڕۆژهەڵات ببێتەوە، ئەو یەکێتییەش کێشەی زۆرە و لێرەدا دەتوانین باسی گرینگترینیان بکەین:



هەمبەر وڵاتانی دیکەی ئەندام باشترە، بەڵام کازاخستانیش بە ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ڕووسیادا ناڕاحەتە و بەهاداشکانی دراوی ڕووسیایی (ڕۆبڵ) کاریگەری خراپی بەسەر ئابووری ئەو وڵاتەدا چێ کردووە، لەلایەکی دیکەیشەوە هەڕەشە لە ڕووسیا دەکات، کە دەتوانێت لە ڕووی دابینکردنی وزەدا ببێتە بەشێک لە یەکێتیی ئازەربایجان و تورکیا.

ڕووسیا و چین رکابەری لەسەر وڵاتانی ڤنێزوێلا، نیکاراگوا و کوبا دەکەن:

•هەردوو وڵات هەوڵدەدەن، کە چەک بە ڤنێزوێلا بفرۆشن و بالآدەستی چین لەوەدایە، کە بە توانایەکی زیاتری دارایی و قەرزی دێتە پێشەوە، ڕووسیاش کەڵک لە رابردووی خۆی و ناوی یەکێتیی سۆڤیەت و تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمانەوە وەردەگرێت. بڕیارە کە ڕووسیا کارگەیەکی بەرهەمی کلاشینکۆف و ناوەندێکی چاککردنەوەی هەلیکۆپتەر دروست بکات، بەڵام چین تا ئێستە بایی 500 ملیۆن دۆلار چەکی وەکو تانک و زرێپۆشی فرۆشتووەتە ڤنێزوێلا.

•هەموو قەبارەی کۆی بەرهەمی ناوەخۆی GDP نیکاراگوا بایی 11 ملیارد دۆلارە ویستویەتی، کە 8 فرۆکەی میگی 29 بایی 30 ملیۆن دۆلار لە ڕووسیا بکڕێت، بەڵام جارێ بە بێ بڕیار ماوەتەوە.

•سەبارەت بە کوباوە چین لە پێشەوەیە و ئالوگۆڕی بازرگانی سالآنە بە ڕێژەی 1,8 ملیارد دۆلارە، لە کاتێکدا لەگەڵ ڕووسیا بایی 185، 1 ملیۆن دۆلارە.

•چین لە چۆنییەتی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانە بە هەستیاری لەگەڵ ئەمریکا سەوداکاریی دەکات، بەڵام ڕووسیا بێ منەتەرە و سەربەخۆتر دێتە پێشەوە.

لە نەخشەی خوارەوەدا دەبیندرێت، کە نیکاراگوا دەیەوێت ئەلتەرناتیڤی کەنالی پەناما چێ بکات، لە سالی 2013دا حکوومەتی نیکاراگوا ئەو پرۆژەیەی بۆ ماوەی 50 ساڵ داوەتە دەست کۆمپانیای هۆنگ کۆنگی HK Nicaragua Canal Development Investment Co Ltd کە بایی 50ملیارد دۆلارە، لەو ڕوەوە نیکاراگوا پێویستی بە پاراستنیشی هەیە لەبەرئەوەی، کە سوپایەکی ئەوتۆی نییە، بۆیە هەوڵ دەدات، کە لەو ڕووەوە خۆی بەهێز بکات، ڕووسیا ئامادەی بۆ ئەو مەبەستە دەربڕیوە.

•ئەرمینیا وەکو وڵاتی نادامەزرێنەر لە دواین کۆبوونەوەی سەرانی ئەو یەکێتییە لە ئاستانا ئامادە نەبوو، کرکیزستانیش تەنیا بڕیاری لەسەر وەرگرتنی وەکو ئەندام دراوە، تاجیکستانیش نەبووەتە ئەندامی تەواو

•بیلاڕووسیا داوادەکات، کە قەبارەی ئالوگۆڕی بازرگانی بەرزببێتەوە، نەوتیش بە نرخێکی هەرزانتر پێی بفرۆشرێت، ئەگینا هیچ پێویستییەک نییە، کە لەو ڕێکخراوەدا بمێنێتەوە. لە ئەنجامی ئابلۆقەی ئابووریدا بیلاڕووسیا گەورەترین گورزی پێکەوتووە، پتەوی بەهای دراوی لە هەمبەری دراوەکانی دیکەی جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیووە، گەشەی ئابووری دابەزیووە، هەر لەو چوارچێوەیەدا چەندان جۆر کێشەی هەلایسانینرخ، بێکاری، کەمبوونەوەی ئاستی سەرمایەگوزاری و...هتد ڕووبەڕووبووەتەوە، سەرەڕای ئەو پرسانە چەندان جار ڕووسیاش بە بیانووی دووبارە فرۆشتنەوەی کالآکانی یەکێتیی ئەورووپا بە ڕووسیا ڕێگەی هاتنە ناوەوەی کەلوپەلەکانی لە لایەن دەسەلآتدارانی گومرکی ڕووسیاوە لێگیراوە، کە کاردانەوەی زۆر نەرێیانەی لە لایەن سەرۆک کۆماری بیلاڕووسیاوە لێکەوتنەوە و هەڕەشەی جیابوونەوەی دەکرد. بیلاڕووسیا لەبەر کێشەی ئازادی سیاسی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایشەوە کەوتووەتە ناو ئابلۆقەیەکی سنووردار ئابووری - سیاسییەوە.

•وڵاتانی ئەرمەنستان، کرکیزستان و تاجیکستانیش چاوبان لە جۆرەها یارمەتی سۆپایی و دارایی ڕووسیاییە.

•لەنێوا ئەو وڵاتانەدا بارودۆخی کازاخستان لە هەموو ئەوانی تر ئاڵۆزترە، چونکە ئەو وڵاتە بە درێژایی مێژوو بە هاوسەنگی لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە، بەڵام ئێستا ئەو هاوسەنگییە تێکچووە و ڕووسیا بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتووەتە ناو ئابلۆقەوە، بۆیە ئەگەر ئەو وڵاتە بە تەواوی بچێتە ناو ئابلۆقەوە، ئەوا ئەو یەکێتییە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ڕووسیا و ئەو وڵاتانەی تر کە لە ژێر کاریگەری ڕووسیادان.

فۆتۆ ستۆری

قالانتاین و چین..

خۆشەویستی لە زەمەنی (کورۆنا) دا ئەگەرچی ئەمساڵ لە چین قایرۆسی کورۆنا تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆری خەڵک بوونەتە قوربانی و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەی قوربانیان و تووشبووان لە هەڵکشان دایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چینیەکان لە ڕۆژی قالانتایندا وەک هەموو ساڵێک گوڵی سووریان بۆ خۆشەویستانیان کڕی . ئەوان دەڵێن : خۆشەویستی لە کورۆنا بەهێز تر.





www.xebat.net
دوو شەممە 2020/2/24 ژمارە (5939)

سەرۆک کۆمارەکانی یۆنان



ڕەمزی میرەکانی

لە وڵاتی یۆنان، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆریەتی سەربازیی و، ڕاگەیاندنی سیستمی کۆماریی لە ساڵی 1974دا، سەرۆک کۆمار لەو پارتە هەڵدەبژێردرێت، کە زۆرینەی پەرلەمانی نییە و پۆستی سەرۆک وەزیرانی بە دەستەوە نییە. ئەو سەرۆک کۆمارەی بۆ ئەو پۆستەش کاندید دەکرێت، دەبێت دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بێنێت، کە ژمارەیان 300 پەرلەمانتارە، زۆربەی جارەکانیش پارتی دەسەڵاتدار خاوەنی زیاتر لە 200کورسی نابێت، هەر بۆیە سەرۆک لە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنەوە دەبێت. ئەوەی خوارەوەش ناوی ئەو سەرۆک کۆمارانەیە، کە ئەو پۆستەیان لە وڵاتی یۆنان وەرگرتووە:

- میخالیس ستاسینۆپۆلۆس (1974-1975)

میخالیس ستاسینۆپۆلۆس، لە ڕێکەوتی 18کانونی یەکەمی 1974 تاکو 19 تەمموزی 1975، پۆستی سەرۆک کۆماری یۆنانی وەرگرت. ستاسینۆپۆلۆس، لە ساڵی 1903 لەدایک بووە و لە ساڵی 2000 کۆچی دوایی کردووە. پیاوێکی دادوەر و ئەندامی ئەکادیمیای ئەسینا بوو، یەکەم سەرۆک کۆماری لایەنگری پارتی دیموکراتی تازە بوو. لە ماوەی گواستنەوەیی لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراتی، پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرت، لە میانی پۆستەکەیدا وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی دەوڵەت، گەیشتە کورسی سەرۆکایەتی، بە تۆندیش لە دژی دیکتاتۆرییەت وەستایەوە، لەبەر ئەمە لە پۆستەکەی لادرا.

- کۆنستانتینۆس تساتۆس (1975-1980)

کۆنستانتینۆس تساتۆس، لە دایکبووی ساڵی 1899یە، لە ماوەی نێوان ساڵانی 1975و 1980دا، سەرۆک کۆماری یۆنان بوو، پیاوێکی پارێزەر، هەرزۆن و سیاسەتمەدار بوو، بەهۆی بەهرەمەندی لە ئەکادیمیای یاسا و دەرچوونی لە کۆلێژی یاسای لە ئەسینا، بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار کاندید کرا، لە ساڵی 1945دا، لە ڕێگەی پارتی دیموکراتی تازەی پارێزگارەوە، خزایە نێو دنیای سیاسەتەوە، لە حکومەتەکەی پتروس فۆلیگاریس، وەزیری ناوخۆ بوو، لەو کاتەوەش بووە ڕەگەزێکی سەرەکیی، لە نێو ژیانی سیاسی یۆنانـدا. لە ساڵی 1975دا، توانی ببێتە یەکەم سەرۆک کۆماری یۆنان، دوای لەناوچوونی ڕژێمی دیکتاتۆریی لەو وڵاتەدا.

- قوستەنتین کرامنلیس (1980-1985) و (1990-1995)

قوستەنتین کرامنلیس، لە دوو ماوەی جیاوازدا، پۆستی سەرۆک کۆماری یۆنانی بەدەستهێنا، ماوەی یەکەم لە 10ئایاری 1980تاکو 10 ئاداری 1985بوو، ماوەی دووەمیش لە 5ئایاری 1990تاکو 10ئاداری 1995بوو. کرامنلیس، پیاوێکی مێژوویی دەوڵەت بوو، بەیەکێ لە دیارترین کەسایەتیە سیاسییەکانی یۆنان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت. لە 8ئاداری 1907 لە ناوچەی سیریس لە باکووری یۆنان لە دایکبووە، بەشداریی لە خەباتی مەکەدۆنیا کردووە، لە بوارەکانی کشتوکاڵ و توتندا کاری کردووە. لە ساڵی 1923دا، چووەتە ئەسینا، لە ساڵی 1929دا، بڕوانامەی لە کۆلێژی مـاف بەدەستهێناوە، لە ساڵی 1930تاکو 1935وەکو پارێزەر لە شارۆچکەکەی خۆی (سیریس) کاری کردووە. لە ساڵانی 1942و 1943دا، بەشداریی لە ناوەندێکی هزری نافەرمی بەناوی (یەکێتیی سۆشیالیستی)دا کردووە. لە هاوینی ساڵی 1944دا، هەوڵی داوە زیاتر بەشداریی لە چالاکیی سیاسییدا بکات، لە میانی هەڵاتن بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە تاراوگەدا، حکوومەتێکی تازەی لەژێر سەرپەرشتی، جۆرج پاپاندریۆ، دروست کردووە.

- خریستۆس سارتیتاکیس (1985- 1990)

خریستۆس سارتیتاکیس، لە ڕێکەوتی 30ئاداری 1985 تاکو 5ئایاری 1990، پۆستی سەرۆک کۆماری یۆنانی وەرگرتووە. سارتیتاکیس، لە ڕێکەوتی 6 نیسانی 1929، لە شاری ناپۆلی لە ناوچەی سالۆنیکی لە دایکبووە. دادوەرێکی خانەنشین بوو، لەسەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا، لەلایەن حکوومەتەکەی کرامنلیسەوە، کە دواتر بووە سەرۆک کۆمار، گوشارێکی زۆری لەسەر بوو. ناوبراو بە گوێرەی دەستووری وڵات هەڵسوکەوتی دەکرد، بەتایبەتی لە ماوەی پشێوی نێوان 1989و 1990دا، ئەودەمەی هەڵبژاردنی گشتیی، زۆرینەی ڕەهای بە هیچ پارتێکی سیاسیی نەبەخشی.

- کۆنستانتینۆس ستیفانۆپۆلیس (1995-2005)

کۆنستانتینۆس (کۆستیس) ستیفانۆپۆلیس، لە ڕێکەوتی 15ئابی 1926، لە شاری پاتراس لە ڕۆژئاوای یۆنان لە دایک بووە. کەسێکی پارێزەر بوو و لە ماوەی نێوان 1995 و 2005دا، سەرۆک کۆماری یۆنان بوو. نابراو ئەندامی پەرلەمان بوو لەسەر ناوچەی ئەخایا، لە ڕیزی پارتی دیموکراتی تازەدا خۆی پالاوت، لە ماوەی نێوان 1974و 1976دا، وەزیری ناوخۆ بوو، لە ماوەی نێوان 1976و 1977یشدا، وەزیری بیمەی کۆمەلایەتی بوو، لە میانی مانۆڕێکی سەرۆک وەزیرانی ئەوەدەم، ئەندریاس پاپاندریۆدا، کە چووە نێو هاوپەیمانەتییەک لەگەڵ، ئەنتۆنیس ساماراس، سەرۆکی پارتی بەهاری سیاسیی ئەو دەمەدا، بۆ پشتیوانیکردن لە کاندیدێکی هاوبەش و خۆ لادان لە هەڵبژاردنەکان، ستیفانۆپۆلیس، بە باڵاترین پۆستی سیاسیی گەیشت. ئەمەو کۆنستانتینۆس ستیفانۆپۆلیس، لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، خاوەن جەماوەرێکی زۆر بوو، ئەوەش بۆ کاری باش و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دەگەڕایەوە، زێدەباری بایەخدان بە گەشەکردنی ئابووری و بووژانەوەدا.

- کارلۆس پاپۆلیاس (2005-2015)

کارلۆس پاپۆلیاس، لە ڕێکەوتی 12ئاداری 2005 تاکو 13ئاداری 2015 پۆستی سەرۆک کۆماری یۆنانی وەرگرت. ناوبراو لە دایکبووی هەرێمی یۆانینایە لە باکووری وڵاتدا، دەرچووی کۆلێژی مافە لە ئەسینا، لە زانکۆی میلانۆ لە ئیتاڵیا، خوێندنی باڵای لە یاسای نێودەوڵەتی گشتیی و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی تەواو کردووە، پاشان لە زانکۆی کۆلۆن لە ئەڵمانیا، بڕوانامەی دکتۆرای لە یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە دەستهێناوە. لە ساڵی 1974دا، چووەتە نێو پارتی پاسۆکی سۆشیالیستییەوە، ماوەی 27 ڕەبەق (1977-2004) ئەندامی پەرلەمانی یۆنان بووە، ماوەی حەوت ساڵیش (1989-1985) پاشان (1996-1993) وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی بووە.

- بڕۆکۆبیس بافلۆپۆلۆس (2015- تاکو ئێستا)

بڕۆکۆبیس بافلۆپۆلۆس، لە ڕێکەوتی 13ئاداری 2015دا، پۆستی سەرۆک کۆماری وەرگرتووە، پاڵێوراوی پارتی(سیریزا)ی چەپڕۆی دەسەڵاتداری ئەوەدەم بوو. ماوەی سەرۆکایەتی بافلۆپۆلۆس، لە 13ئاداری داهاتوودا کۆتایی دێت و، کاترینا ساکیلاڕپۆلۆ، شوێنی ئەو دەگرێتەوە. بافلۆپۆلۆس، کە مامۆستای یاسایە، لە حکوومەتەکەی کۆستاس کرامنلیسدا (کوڕە برای قوستەنتین کرامنلیس) وەزیری ناوخۆ بوو. ناوبراو خوێندنی لە کالاماتا (زێدی خۆی لە ناوەڕاستی یۆنان) تەواو کردووە، لە زانکۆی ئەسینا و پاشان لە پاریس خوێندوویەتی. لە ساڵی 1977دا، بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەدەستهێناوە و وەکو پارێزەر کاری کردووە. لە ساڵانی 1991و 1992دا، بەڕێوەبەری بەشی یاسای گشتیی بووە لە زانکۆی ماف لە ئەسینادا، پاشان وەکو مامۆستای میوان لە یاسای گشتیی کاری کردووە، بەتایبەتی لە یاسای کارگێڕی لە کۆلێژەکانی ماف لە یۆناندا.


سەرچاوە:
www.aawsat.com



مانشێت



سکای نیوز:
پێشبینی دەکرێ سیناتۆر بێرنی ساندەرز لە ئەنجوومەنی هەڵبژاردنی ویلایەتی نیڤادای ئەمەریکا سەرکەوتن وەدەست بێنێ.



ئەی ئێف پی:
ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا رایگەیاند ئاستەمە تا کۆتایی ساڵ یەکێتی ئەورووپا و بەریتانیا بگەنە ڕێککەوتنێکی سەرتاسەری.



ئیلاف:
لە سانتیاگۆی پایتەختی چیلی و بە مەبەستی داواکردنی چاکسازیی، هەزاران کەس هەڵڕژانە سەر شەقام.




ڕۆیتەرز:
بڕیار وایە لە مانگی داهاتوو حکوومەتی بەریتانیا ڕەنگی پاسپۆرتی بەریتانیەکان بگۆڕێ بۆ ڕەنگی شین .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای شەش ساڵ شەڕی ناوخۆیی، لایەنە شەڕکەرەکانی باشووری سودان گەیشتنە ڕێککەوتن.



کەنالی ئار تی:
ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کورۆنا لە ئیتاڵیا گەیشتە 79 کەس و تا ئێستا دوو کەسیان گیانیان لەدەست داوە.



کاریکاتێر





زانایەکی ڕووسیی: پەیوەندییەک هەیە لەنێوان چالاکی خۆرو قەتیسبوونی گەرمیی

لەمیانەی کۆنگرەی (فیزیای پلازما لەنێو سیستەمی خۆردا) کە لە (مۆسکۆ) ی پایتەختی ڕووسیادا بەسترا، زانای فەلەکناسی ڕووسیی (یوری ناغۆفیتسین) ڕایگەیاند کەوا زیادبوونی چالاکیی خۆر لەماوەی 400ساڵی ڕابردوودا، بۆتە هۆکاری سەرهەڵدانی دیاردەی قەتیسبوونی گەرمیی لەسەر هەسارەی زەویدا.

" 500ساڵە خاسییەتەکانی پەرچدانەوەی بەرگە هەوای زەوی لە کەمبوونەوەیە، ئەوەش بەهۆی زیادبوونی دەرچوونی تەوژمەکانی وزەی خۆی کە بە بڕێکی زیاتر لە پێشوودا دەگاتە ڕووی زەوی ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمیی جیهانیی"، لە زاری (یوری ناغۆفیتسین).

بە پێی لێکۆڵینەوەکەی (ناغۆفیتسین) دەردەکەوێت کەوا زیادبوونی چالاکیی خۆر لەماوەی نێوان 400تا 600ساڵی ڕابردوودا بووە و لە هەمان کاتدا تێبینی ئەوەش کراوە کەوا لەماوەی 3000 ساڵی ڕابردوودا، نزمبوونەوەیەک لە چالاکیی و کایەی موگناتیسی خۆرد لەنێوان هەسارەکانی سیستەمی خۆردا ڕوویداوە.

لەلای خۆیەوە، (لیف زیولین) ی سەرۆکی (پەیمانگەی لێکۆڵینەوەکانی بۆشاییگەڕیی) گوتوویەتی کەوا چەندین بواری دیکە لەسەر هەسارەی زەویدا بەندن بە خولەکانی چالاکیی خۆر، وەک گەشتەکانی (چوونە سەر مانگ و کارتێکردنی لە بواری ئاوو هەواو زۆربەی هەرە زۆری پرۆسێسەکانی دۆزینەوەی بۆشاییگەڕیی)، هەربۆیە، زۆر گرنگە لە هەموو کات و ساتێکدا ئاگاداری ڕیتم و سروشتی چالاکیی خۆر بین.

نەیزەکێکی گەورەی سووتاو ئاسمانی چەند ویلایەتێکی مەکسیکی ڕووناک کردەوە!

(دەزگای چاودێری مەدەنی لە مەکسیک) ڕایگەیاند کەوا لە شەوی 19- 18ی ئەم مانگەدا تەنێکی ئاسمانیی زۆر گەش و ڕووناک بۆماوەیەکی زۆر کەم لە ئاسمانی چەندین ویلایەتی ئەو وڵاتەدا دەرکەوت و لە ڕێگەی جۆرەها کامێرای چاودێری دامەزراوی نێو شارەکاندا دەرکەوتووە.

دوای شیکردنەوەی گرتەکان، بە تەواوی دەرکەوت کە ئەم تەنە ئاسمانییەی وەک تۆپەڵە ئاگرێک بینراوە نەیزەکێکی سووتاو بووە کە دوای خزانی بۆنێو بەرگە هەوای زەوی پلەی گەرمییەکەی یەگجار زۆر بووەو لە دەرەنجامدا پارچە پارچە بووەو بەو شێوەیە سووتاوە.

بێگومان جگە لە کامێراکان، ژمارەیەکی یەگجار زۆری دانیشتوانی هەرێک لە ویلایەتەکانی (مەکسیکۆ سیتی و بۆبێلا و مۆریلۆس و گۆیێرتارۆ و خالیسکۆ و جواناخواتوا و میشواگان ئەو دیاردەیەیان بینیوە. بەپێی شیکردنەوەی زانستیی ئەم دیاردەیە لەلایەن (بەشی بوومەلەرزەو گرکانەکان) ی سەر بە (پەیمانگەی لێکۆڵینەوە جیۆلۆجی و بەرگە هەوا) ی مەکسیک، ئەم بەردە نەیزەکە لە کاژێر 8:18ی شەو بەکاتی نێوەخۆیی مەکسیک بەرگە هەوای ئەو ناوچەیەی بڕیوەو پێش ئەوەی بەر ڕووی زەوی بکەوێت سووتاوەو هیچ زیانێکی گیانی و مادی لێنەکەوتۆتەوە.

یەکێ لە دوورترین تەنە ئاسمانییەکانی سیستەمی خۆر نهێنی گەورە ئاشکرا دەکات



لە ڕێگەی وردبوونەوە لە داتاو وێنەکانی یەکێ لە تەنە هەرە دوورە دەستەکانی نێو سیستەمی خۆردا، پسپۆڕانی فەلەکناسی توانیان بگەنە ئەو ڕاستییەی کەوا، هەسارۆکەی هەرە سەرنجڕاکێشی ناسراو بە (THULE-ALTIMA) بەرلە نزیکەی 4ملیار ساڵ پێش ئێستا دروستبووە، واتە، زووتر بە نزیکەی 500ملیۆن ساڵ لە دروستبوونی خۆرو تەواوی هەسارەو پاشکۆیەکانی نێو سیستەمی خۆردا.

ئەو تەنە ئاسمانییە نامۆیە کە بەشێکی هەرە زۆری لە سەهۆڵ پێکهاتووە، بەم دواییە ناوەکەی لە (ALTIMA-THULE) دەوە گۆڕا بۆ (Ar-rokoth) بە مەودای 4ملیارو 100 ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوییەوە دوورە لە ڕێگەی کەشتی ئاسمانی (New Ho-rizons) ی سەر بە ئاژانسی ناسا لە نزیکترین خاڵدا بەسەرکرایەوەو لە 1ی کانوونی دووەمی 2019بەسەر ئاسمانەکەیدا فڕی.

داتای پڕ بەهای ڕەوانەکراوی کەشتی نیو هۆرایزنس دەریخست کەوا لەنێو قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئەو هەسارۆکەیەدان جێپەنجەو بناغەی سەرەکیی پێکهاتەی ئەندامیشی تیدا دیارە، ئەمەش ئەو واتایە دەدات کەوا ڕەنگە ژیان بە هەر جۆرێک بێت لە دوورترین خاڵیشدا هەبێت یان سەرهەڵبدات لەنێو سیستەمی خۆردا.


بە گوتەی پسپۆڕانی فەلەکناسی، لەوانە، (ئالن ستێرن) ی لێکۆڵەری سەرەکیی پڕۆگرامی کەشتی ئاسمانیی نیو هۆرایزنس، هەسارۆکەی (ALTIMA-THULE) یان (Arrokoth) بە یەکێ لە تەنە ئاسمانییە هەرە کۆنەکانی نێو سیستەمی خۆر دەژمێردرێت کە تاوەکو ئێستا کەوتۆتە بەرچاوی نادەمیزادو وانەی زۆرمان پێدەدات لەبارەی چۆنییەتی دروستبوونی هەسارەکان و پەرەسەندنی سیستەمی خۆرو بگرە گالاکسی و گەردوونیش.

دڕێژیی ئەو هەسارۆکەیە 22میلەو پانییەکەشی 12میلە و ڕەنگی سوورەو ڕووەکەشی وەک تەنێکی نەرم و نیان و بێ کەندو لەندی سەخت خۆی نیشان دەدات، وە ئەوەی سەیرە کەوا ئامێرەکانی کەشتی نیو هۆرایزنس هیچ ئاسەوارێکی ئاوی لەنێویدا نەدۆزیەوە، بەڵکو ئاشکرای کرد بە تەواوی بە پێکهاتەی میسانۆڵی بەستوو داپۆشراوە، کە ئەمەش جۆرێکە لە پێکهاتە کەحولییەکان لەگەڵ هەندێ پێکهاتەی ئەندامیی زۆر ئاڵۆزی دیکە کە تاوەکو ئێستا نازانرێ چییە ؟

هەسارۆکەی (ALTIMA-THULE) یان (Arrokoth) لە دووپارچەی پێکەوە لکاو پێکهاتووە کە وەک دوو پارچە پەنیری هێلکەیی پێکەوەنووساو خۆی نیشان دەدات، یەکیان گەورەیەو ئەوی دیکەشیان بچووکتر.

لەبارەی هۆکاری دروستبوونی بەو شێوازە نامۆیە، پسپۆڕی فەلەکناسی (جۆن سپێنسەر) لە (پەیمانگەی South-west بۆ لێکۆڵینەوەکان) لە (کۆلۆرادۆ) گوتوویەتی:"لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا دوو بارستەی گازو تۆزوخۆڵی ئەوکاتەی سیستەمی خۆر لەسەر هەمان خولگە بەدەوری یەکتریدا خولاونەتەوە، پاشان بە بەسەرچوونی کات، زۆر بە هێوری و هێمنییەوە لە ڕێگەی پردێکەوە پێکەوە لکاون، کەواتە، بۆمان دەرکەوت کەوا هەسارەکانیش لەو کاتەدا لەنێو بارودۆخێکی ئەوتۆ خەلقبوونە کە خێرایی بەرییەکەوتن و تێکەڵبوونی مادە سەرەتاییەکانی نێو سیستەمی خۆر خاوترو هێوتر بووە لەوەی پێشتر پێشبینی بۆ دەکرا، بۆیە، ئێستا ئێمە وێنەیەکی ڕوونترو وردترمان کەوتە دەست لەسەر چۆنییەتی لەدایکبوونی هەسارەکان، لەسەرووی هەموشیانەوە، خودی زەوی خۆمان".

لە لێدوانێکی چاوەڕوان نەکراوی یەکێتی فەلەکناسیی نێو دەوڵەتیدا: لێرە بەدواوە مانگە دەستکردەکان هەڕەشە دەنێنەوە لەسەر زانستی فەلەکناسی!



لە تازەترین بڵاوکراوەیدا، یەکێتی فەلەکناسی نێودەوڵەتیی ڕایگەیاند کەوا زیادبوونی ڕێژەی مانگە دەستکردەکان لە بۆشایی ئاسمانی دەرەوەی زەویدا بوونەتە هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەسەر ڕوانگەکردنە فەلەکییەکان.

گومان لەوە نەماوە کەوا دوای فراوانبوونی ڕووبەری شارەکان و زیادبوونی سەرچاوەکانی ڕووناکی و دەرکەوتنی کاریگەریی (پیسبوونی ڕووناکی)، دیمەنی ئاسمانی شەو جوانییەکەی خۆی لە زۆر ناوچەی جیهاندا لەدەستداوە، بەڵام خۆ دەتوانرێ بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو کاریگەرییە سنوودار بکرێتەوە بە کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی ڕووناکی یاخود گۆڕینی شێوازی ڕووناک کردنەوە، یاخود دوورکەوتنەوەی فەلەکناس و تلسکۆپ و کامێرایەکەی بۆ ناوچەیەکی دوور لە ڕووناکی ناوشارەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕوانگەکردنی فەلەکیی بۆ قۆناغی گەردوون، بەڵام ئەوەی ئێستا وەک هەڕەشەیەکی نوێ دەرکەوتووە، چارەسەرییەکەی یەگجار زۆر ئاڵۆزە ئەگەر هەر لە بنەڕەتدا نەبێت، ئەویش گروپی مانگە دەستکردە بچووکەکانە کە ژمارەیان دەگاتە هەزارەها دانەو تایبەت دەبن بە بواری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بۆ خولگە نزمەکان، بەڕادەیەک کەوا هەڵدانی ئەم دواییەی 240مانگی دەستکردی بچووکی (ستارلینک) ی ئەو بوارە لە ڕێگەی کۆمپانیای (سپێیس ئێکس) بوونەتە هۆی زیان پێگەیاندنی زۆری پرۆسەکانی ڕوانگەکردن و وێنەگرتنی فەلەکیی.

بۆ دەرخستنی زیانەکان، گرووپێک لە پسپۆڕانی فەلەکناسی سەر بە (یەکێتی فەلەکناسی نێودەوڵەتی) بە پێوانەکردن و نمایشکردنی کۆمپیوتەریی بڕی 25000 مانگی دەستکرد لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە، وەک ئەوانەی لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی (سپێیس ئێکس و ئەمازۆن و وەن وێب) و لە دەرەنجامدا دەرکەوت:

ژمارەی ئەو مانگە دەستکردانەی لەسەرووی ئاستۆو لە هەموو کاتێکدا بەدیار دەکەون لەنێوان 1500تا چەند هەزارێک دەبن و بە تێپەڕبوونی کات کەمێک لەوانە بەرز دەبنەوەو دەگەنە ناوەڕاستی ئاسمان.

کاتێک خۆر دەگاتە ئاستی 18پلە لە ژێرەوەی ئاسۆدا، واتە ئەوکاتەی ئاسمان تاریک دادێت، ئەوا ژمارەی مانگە دەستکردە ڕووناکەکانی سەرووی ئاسۆدا دەگەنە 1000مانگی دەستکرد، وە دوای چەند کاتژمێرێک و پێش نیوەی شەو ئەو بڕە کەمتر دەبێتەوە کاتێک دەکەونە نێو سێبەری زەوییەوە.


ئێستا ئەستەمە بتوانرێ ژمارەی مانگە دەستکردە ڕووناکەکان، بەتایبەتی ئەوانەی دەکەونە بەرچاوی ئاسایی بژمێردرێن و ڕەنگە بەشێکی زۆریان ڕووناکییەکی کەم بدەنەوە، ئەمەش پشت دەبەستێ بەو هەنگاوانەی کە کۆمپانیای (سپێیس ئێکس) ناوییەتی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی ڕووناکی دانەوەی مانگە دەستکردەکانی.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەو مانگە دەستکردانە بەچاوی ئاسایی نابینرێن، بەڵام گروپی مانگە دەستکردە گەورەکان دەبنە کێشەیەکی گەورە بۆ پڕۆسێسەکانی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوە فەلەکییەکان، چونکە جوولەی ئەو مانگە دەستکردانە هێڵی ڕووناک لەنێو تلسکۆپ و کامێراکانیان دروست دەکەن، بەمەش کوالیتی و کارامەیی ڕوانگە فەلەکییەکان بەشێوەیەکی زۆر گەورە زیانیان پێدەگات.

(ڕوانگەی فیراسی ڕۆبن) کە ئێستا لە بیابانی (ئەتاکاما) لە (چیلی) دا دادەمەزرێ، دەبێتە یەکێ لەو دامەزراوە فەلەکیانەی کە دووچاری هەڕەشەیەکی گەورە دەبنەوە، چونکە ئەو ڕوانگەیە ڕووبەڕێکی فراوانی ئاسمانی ئەو ڕوانگە دەکات و کاردەکات لەسەر دۆزینەوەی هەسارۆکەکانی نزیک لە زەوی و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە (مادەی تاریک).

بەپێی دەرەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیەی (یەکێتی فەلەکناسی نێودەوڵەتیی)، 30% ئەو گرتە فەلەکیانەی کە ماوەی بەرکەوتاندنی ڕووناکیان دەگاتە ماوەی 30چرکە لە کاتەکانی دەستپێکی شەودا دووچاری زیان پێگەیاندن و لەدەستدانی کوالیتیان دەبنەوە.

لە ڕووی تیۆرییەوە تەنها دەکرێ ڕێژەی پێکەوتنی زیان کەمبکرێتەوە لە ڕێگەی پێوانەکردنی خولگەو کاتی تێپەڕبوونی ئەو مانگە دەستکردانەیە و وەستاندنی پڕۆسێسەکانی ڕوانگەکردنی فەلەکییە لە کاتی تێپەڕبوونی ئەو مانگ دەستکردانە لە ئاسمانی شوێنی ڕوانگەکردنەکەدا، ئەمەش بێگومان کاریگەری سەختەو یەک ناگرێتەوە لەگەڵ پێویستییەکانی ڕوانگەکردنی ئاسمان لە هەر کاتێکی شیاوو پێویستدا.



مێسی یادەوەری گۆڵی بیرهاتەوە و سوپەر هاتریک تۆمار دەکات

لیۆ مێسی ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە یادەوەری تۆمارکردنی گۆڵی بیرهاتەوە و توانی سوپەر هاتریک لە ئیبار تۆمار بکات و رابەرایەتی یانە کەتالۆنیەکە بکات بۆ وەرگرتنەوەی پێشەنگی لالیگا لە ریال مەدرید.
مێسی کە لەچوار یاری رابردوودا نەیتوانیبوو گۆل تۆمار بکات و لەگێمی یەکەم دەرسێکی دایە یانەی ئیبار بە تۆمارکردنی سێ گۆڵ و لەگێمی دووەمیش گۆڵێکی تری تۆمار کرد و دواجار ئارتۆر گۆڵێ پێنجەمی بۆ کەتالۆنیا تۆمار کرد.

ئارنۆڵد: کە منداڵ بووم شەترەنج بەشیک بوو لە ژیانم



ئارنۆڵد شوارزنیجەر یەکیکە لەو ئەکتەرە بەناوبانگانەی کە زۆر بەتامەزرۆوە باس لە شەترەنج دەکات و خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەری بۆ ئەو یاریییە هەیە.
ئارنۆڵد ئەو ئەکتەرە لێهاتووە و حاکمی پێشووی کالیفۆرنیا لەبارەی خۆشەویستی بۆ شەترەنج دەڵێت: لەبیرمە کاتێک تەمەنم هەشت ساڵان بوو، هەموو رۆژێک ئو یارییەم لەگەڵ باوکم دەکرد، کاتێکیش چوومە ئەمریکا لەگەڵ هاوڕێکانم بەردەوام شەترەنجمان دەکرد، ئەوکات شەترەنج بووە بەشێک لە ژیانم.
جێی باسە لە هەر پێنج کیشوەرەکەی جیهان ئارنۆڵد بۆ کردنەوەی پاڵەوانێتییەکانی شەترەنج بانگهێشت دەکرێت و پاڵەوانێتییەکان لەلایەن ئەوەوە دەکرێتەوە.

لیڤانتی دڕکی لە ماڵەکەی ریال ڕواند



یانەی ریال مەدرید لە ئەنجامە خراپەکانی بەردەوامە و دووەم یارییە لەسەر یەکتری ناتوانێت تەواوی خاڵەکان بەدەست بهێنێت و بەمەش پێشەنگی لالیگا رادەستی بەرشلۆنە دەکات.
یانەی ریال زۆر هەوڵیدا لە گێمی یەکەم گۆڵ لە لیڤانتی تۆمار بکات، بەڵام ئەمەی بۆ نەکراو لە گێمی دووەمیش تیپی بەرامبەر پشتی بە هێرشی پێچەوانە بەست و لە ڕێگای خۆزی لویس مۆرالیس لە خولەکی 71 توانی تۆڕی کۆرتوا بهەژێنێت و تاکە گۆڵی یارییەکە تۆمار بکات.
بەم ئەنجامەش ریال هاتەوە پلەی دووەم بەجیاوازی دوو خاڵ لەدوای یانە کەتەلۆنیەکەوە دێت، لەولاشەوە لیڤانتی سەرکەوت بۆ پلەی دەیەم بە 32 خاڵ.

بیلال سالّح یاریزانی برایەتی بۆ خەبات:

بۆ ئەوەی وەرزش لە کوردستان پێش بکەوێت پێویستە هەموو یانەیەک فێرگەیەکی هەبێت

خەبات: سۆزان سلێمان

بیلال سالّح کە دانیشتوی شاری کەلاّرە یاریزانێکی بەتوانای یانەی برایەتییە کە لە چەندین یانەی دیکەدا یاری کردووە لەوانە یانەکانی شێروانە، زێرەڤانی، هەڵێر، زاخۆ، غاز شیمال، بیلال لەو دیمانەیەیدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باسێکی ژیانی خۆی و کێشە هەنووکەییەکانی وەرزشی تۆپی پێ لە کوردستاندا دەکات.
بیلال سالّح سەرەتای کاروانی وەرزشی لە قوتابخانەکاندا دەستپێکردووە و دواتر بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە هەروەک خۆی دەڵێت: سالّی پار یانەی برایەتی بۆندێکی پێشکەش کردم بۆ پاڵەوانێتی خولی پلە یەکی عێراقی، منیش بە خۆشحاڵییەوە بۆندەکەم واژۆو کرد و بە هۆی نەبوونی مافی دەستبەرداربوون نەمتوانی لە سەرەتای خولی کوردستان بۆ هیچ یانەیەک یاری بکەم، بەڵام دواتر لە 7هەفتەی کۆتایی خولی کوردستان کێشەی دەستبەرداربوونەکەم چارەسەرکرا و یارییم بۆ یانەی برایەتی کرد.

گرفتی سەرەکی پێنەدانی موچەیە

ئەو یاریزانە باس لەو یانانە دەکات کە یاری بۆ کردوون و دەڵێت: لە ساڵی 2009و 2010لە یانەی تازە پێگەیشتووان و لاوانی یانەی شێروانەی شاری کەلار یارییم کردووە، دواتر لە ساڵی 2011بانگهێشتی تیپی پێشکەوتووانی یانەکە کرام، نزیکەی 10بۆ 11ساڵە یاری دەکەم و ئەو یانانەی یارییم بۆ کردوون لە خولی کوردستان (شێروانە و هەولێر و زێرەڤانی و برایەتی) بوون، لە خولی عێراقیش (زاخۆ و غازشیمال) بوون، لەو ماوەیەشدا ڕووبەڕووی کێشەی زۆر بووینەوە، ئەو کێشانەش بەتەنها بۆ من نەبووە بەڵکو ئەوە کێشەی زۆربەی یاریزانەکانە، وەک پێنەدانی مووچە و بۆندە بە تەواوی لەلایەن یانەکانەوە بە هۆکاری جیاواز و بێ بنەما، چونکە ئەوە مافی یاریزانە و دەبێت یاریزان بە تەواوی مافەکانی وەربگرێت و بەپێی گرێبەست و ڕێکەوتنی یاریزانان.

چارەسەری کێشەی وەرزش لە کوردستان

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چۆن بتوانرێت وەرزش پێشبخرێت لە کوردستان؟ بیلال سالّح یاریزانی یانەی برایەتی دەڵێت: بەڕای من لە هەموو شارەکانی کوردستان فێرگەی تایبەت بکرێتەوە و هەروەها یانەکان گرنگی بە قوتابخانە و فێرگەی تۆپی پێ بدەن، پێویستە هەموو یانەیەک خاوەنی فێرگەی تایبەت بە خۆی بێت بە سەرپەرشتی کەسانی ئەکادیمی و شارەزا، کە لە ئێستادا لە هەموو شارەکان کەسانی خاوەن بروانامە و ئەکادیمی هەن، ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ پێشکەوتنی تۆپی پێ لە کوردستان و گرنگی بە یاریگا بدرێت، بەداخەوە زۆربەی یاریگاکانمان شیاو نین بۆ یاری کردن، بەتایبەتی لە وەرزی زستان.

مانۆلاس: هەموو یاریزانێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی مێسی دەترسێت

کۆستاس مانۆلاس، بەرگریکاری یۆنانی یانەی ناپۆلی ئیتاڵی، باسی لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە دەکات و دەڵێت: هەموو یاریزانێک لە ڕووبەڕووبوونەوەی مێسی دەترسێت. مانۆلاس، لە ساڵی 2018دا، کە ئەوکاتە یاریزانی یانەی ڕۆمای ئیتاڵی بوو، لە یاری گەڕانەوەدا گۆڵی سێیەم و بردنەوەی لە بەرشلۆنە تۆمارکرد و بووە هۆکاری دەرکردنی یانەکەی کەتەلۆنیا لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، ئێستاش نەیارانی بەرشلۆنە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ناوی ئەو یاریزانە لەدژی بەرشلۆنە و مێسی بەکاردەهێنن. ڕۆژی سێ شەمەی داهاتوو لە یاری چوونی قۆناغی 16 چامپیۆنزلیگدا، بەرشلۆنە دەبێتە میوانی ناپۆلی و تیپەدا مانۆلاس و مێسی، دیسان ڕووبەڕووی یەکدی دەبنەوە. مانۆلاس لەبارەی ئەو یاربیەوە وتی:یاربیەکی زۆر ئاڵۆز دەبێت، بەڵام ئێمە پێشوەختە نەماندۆڕاندووە، هەموو شتێک دەکەین بۆ بردنەوە، با بزانین لە کۆتاییدا چی ڕووەدات. سەبارەت بە ڕێزنتادای ڕۆماش بەسەر بەرشلۆنەدا وتی: شەوێکی زۆر خۆش و گرنگ بوو، بەڵام بەڕاستی ئەو شەوە ئێستا بووەتە بەشێک لە رابردوو، هیوادارم لەگەڵ ناپۆلی شەوێکی گەورەتر لەو شەوە ببینم. دواتر مانۆلاس سەبارەت بە چۆنیەتی ڕاگرتنی لیۆنێل مێسی قسەی کرد و وتی: کاتێک تیپی بەرامبەرت باشترین یاریزانی جیهانی هەبێت، زۆر ئاسایییە تۆ بترسیت، بەڵام هەموو تیپێک دەکرێت بدۆڕێت، چونکە هەمووەمان مرۆڤین و وەکو یەکین.

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun.23. Feb. 2020 No: (5938)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

شاعیر و فۆتۆگرافەر (قادر بەشدار) کۆچی دوایی کرد

شلێر سەعید

شەوی **2020/2/22** شاعیر و میدیاکار قادر بەشدار، کۆچی دوایی کرد.قادر بەشدار، ماوەی **21**ساڵ وەک ڕاگەیاندنکار لە چەند دەزگایەکی ڕاگەیاندن کاری کردووە، لەم ساڵانەی دواییدا وەک فۆتۆگرافەر دەستی کردبوو بە ئەرشیفکردنی وێنەکانی کۆبە نازناوی (ئاوێنەی شاری پێدرارىوو)قادر بەشدار جگە لەنووسین و کاری ڕاگەیاندن ڕۆژانە وێنەی خەڵکی ناو شاری دەگرت و و دەچووە بۆنە و ئاهەنگەکان، بە تایبەت پرسەکان وێنەی دەگرتن و ئێواران لە وانەکەی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی دەکردەوە، وانەکەی وەک دەزگایەکی ڕاگەیاندن بوو لەوێوە دەتزانی پرسەکان لەکوێن و سبەی پرسەی کێیە" بۆیە پێیاندەگوت ئاوێنەی شارێک.قادر بەشدار، ساڵی **1962** لە گەڕەکی بایزئاغا لە کۆبە لەدایکبووە، ساڵێک پێش ئێستا دووچاری جەڵتەی دڵ بووە، بەڵام دوای وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی باری تەندروستی بەرەو باشبوون چوو. بەڵام جارێکی دیکە باری تەندروستی تێکچوو، شەوی ڕابردوو لە نەخۆشخانەی ڕزگاری لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.





باشترین فۆتۆی ساڵی 2019 هەڵبژێردرا

بەرهەم شێخ عزەدین: لەلایەن ڕێکخراوی کوردستان فۆتۆ و بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی ئەنجوومەنی گەنجان ، لە هۆڵی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی پێشانگەی فۆتۆی ساڵ **2019** کرایەوە و ، هەر یەک لەم پێنج فۆتۆگرافەرە(سەبوور رەشید لە ئەکشن فۆتۆگرافی ، داستان خدر لە وێنەی سروشت ،دیار ئاغا لە وێنەی شەقام، راوێژ عوسمان لە وێنەی شەو،ڕامیار دڵشادیش لە وێنەی ڕۆژنامەوانی) خەڵات کران.

قایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19)

قایرۆسی کۆرۆنا
ئەو قایرۆسە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی هەناسە (وەک ئەنفلۆنزا).

ڕێگاکانی بڵاوبوونەوە:
قایرۆسەکە بە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسی تووشبوودا بڵاودەبێتەوە، کاتێک کەسی تووشبوو دەپژمێت یان دەکۆکێ، یان بەریەکەوتن و یان ئەو شلانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن.

جیاکەرەوەکانی:
جیاکەرەوە و ناسەرەوەی ئاسانی ئەم قایرۆسە ئەوەیە کە کەسی تووشبوو ناو لە لووتی دێت و لەوزەکانی دەناوسێن و دەپژمێت و تا دەگرێت، لە هەندێ کەسدا سیپەکانی دەناوسێن و هەناسەدانی زەحمەت دەبێت.
نەخۆشییەکە ئاسان بڵاودەبێتەوە (زۆر کوشندە نییە)، مەترسی زۆر لەسەر بەسااڵچوان و ئەو کەسانە هەیە کە نەخۆشی (وەک ڕەبۆ و شەکرە و نەخۆشییەکانی دڵ)یان هەیە.

نیشانە سەرەکییەکان



تەنگە نەفەسی (حاڵەتی تووندی نەخۆشییەکە)

چارەسەریە پزیشکییەکان
ئەگەر هەست بە تا و کۆکە کرد، بۆماوەی 14 ڕۆژ لەماڵەوە بمێنەوە بۆ پارێزگاریکردن لە تە ندروستی خۆت و خەڵکی.
ئەگەر لەو ماوەیە باری تەندروستیت باشتر نە بوو، پێویستە سەردانی نەخۆشخانە بکەیت و حاڵەتەکەت بە پزیشک ڕابگەیەنیت تاوەکو چارە سەری پێویست وەربگریت.

خۆپارێزی لە دەرەوە
لەئێستا هیچ پێکوتەیەکی خۆپارێزی نییە بۆ نەخۆشی قایرۆسی کۆرۆنا.
بەشێوەیە دەتوانیت خۆت بپارێزی لە قایرۆسی کۆرۆنا:
- شۆردنی دەستەکان بەبەردەوامی (کاتژمێری جارێک) بە جێلی تایبەتی کهولی یان بە ئاو و سابوون.
- لەکاتی کۆکین و پژمیندا دەم و لووتت داپۆشە.
- لەکاتی وەستان و گفتوگۆدا لەگەڵ کەسی بەرامبەر (بەتایبەت ئەگەر ئەنفلۆنزا یان هەر نەخۆشییەکی وەرزی هەبێت) بەدووری (1 مەتر) بووەستە.
- باشترە خۆت بپارێزی لە بەریەکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکدا (وەک تۆقەکردن و ماچکردن ...).
- بەکارهێنانی ماسک لە شوێنی قەرەباڵغدا.

خۆپارێزی لە ماڵەوە
ئەگەر نیشانەی نەخۆشی سەرەتاییت هەیە یانیش هەست بە ماندووبوون و داهێزان دەکەیت، باشترە:
- پشوو وەربگریت و بخەویت.
- خۆت گەرم داپۆشە.
- شلەمەنیەکان زۆر بخۆرەوە.
- گۆشت زۆر بکوڵێنەو و سەوزە و میوە جوان بشۆرەوە.
- ماڵ و ژوورەکان بەگەرمی بهێڵەوە تاوەکو زاڵ بیت بەسەر هەورکردنی لەوزەکان و نەهێشتنی کۆکە.



سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی

هونەرمەند بەهادین عازەبانی: کەمی درامای کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بێ پلانی و کەمتەرخەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری

دیمانە: پەریها عومەر

هونەرمەند بەهادین عازەبانی، لە ساڵی 1966لەگوندی عازەبانی سەر بە ناحیەی وارماوا لەخێزانێکی هەژارو نیشتمانپەروەر چاوی بە دونیای ڕۆشن هەڵهێناوە لە تەمەنی منااڵیەوە هاتۆتە سلێمانی لە گەڕەکی صابوونکەران هەرلەوێ دەچێتە قوتابخانە، لە پۆلی یەکی سەرەتایی باوکی کۆچی دوایی دەکات وهاوکات لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە هەستی کرد دەبێت بخوێنێ و کاریش بکات، بۆیەیداکردنی بژێوی ژیان وە دەڵێت:
ژیانمان سەخت بووە چونکە هیچ سەرچاوەیەکی داراییمان نەبوو، بەهۆی خوێندن و ماندووبونی لە کار کردن نەیتوانیوە پەرە بەخوێندن بدات، بۆیە لە دووی ناوەندی کۆتایی بەخوێندن هێناو ئەشقی نیشتمان وایلێکردووەو گوتوویەتی:
ئەبێت کارێ بکەم خزمەت بە نیشتمان بکات لە ڕێی هونەرەوە، هەروەها دەسپێکی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1984بە کاری شانۆ دواتر بە کاری تەمسیلی تەلەفزیۆنی دەستیپێکردووە یەکەم کاری »بووکی ژێر دەواری ڕەش « بووە، وە کۆمەڵێ بەرهەمی باشی لەگەڵ تیپی میللی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی، ئیتر خولیاو ئارەزووی نواندن زیاتر پەرەی سەندووە لە تیپی ناوبراو لە 1989لەگەڵ تیپی شانۆی ئەزمڕ کاریکردووە، پاشان لە ساڵی 1993ڕووی لە تیپی نواندنی سلێمانی کردووە ،لەگەڵ هاوڕێی دێرینی (بەکر ڕەشید) و هونەرمەندی کۆچکردوو خوالێخۆش بوو (حسێن میسری) بەردەوام لە کارو چالاکیان هەبووە، لەگەڵ کۆمەڵێ دەرهێنەری بە تواناو بە ئەزمون لە کاری tvدراما و سینەما دا بەشدار بووە لەوانە : (گەوهەر ، بەکر ڕەشید دوا هەناسە ، دەرویش عومەر گەردەلول ، جەلیل زەنگەنە گەڕان بە دوای سێبەرەکانا ، هاوڕێ مستەفا ، وەسیەتنامە ، بەکر ڕەشید ئاریا ،هادی مەهدی خوالێخۆش بووە ، و لەفیلمی سینەمایی : وەکو بێکەس ، کارزان قادر، باخەکەی باوکم ،شوان عەتوف تارمایی جەنگی پێشوو ، هاوڕێ مستەفا) فیلمێکی دیکە لەسەر، داعشی تیرۆریست ، شاخەوان عەبدوڵا .کە بەهۆی هەڕەشەی ئەو ڕێکخراوەوە نەتوانرا تەواو بکرێت و بووە هۆی ئاواڕە بوونی و دوور کەوتنەوەی لە وڵات.

هونەرمەند بەهادین لە وەاڵمی پرسیاری ئایا بۆ درامای کوردی کەمە؟


ئەو گوتی:هۆکاری نەبوونی درامای کوردی دەیگەڕێنمەوە بۆ ئەمانە، نەبوونی بودجەی پێویست، نەبوونی پلان و کەمتەرخەمی وەزارەتی ڕۆشنبیری، کەمتەرخەمی و خەمساردی تیڤیەکان بۆ وەبەرهەمهێنانی درامای کوردی.
هونەرمەند باس لە درامای تیجاری دەکات و دەڵێت:دراما دۆبلاژ کراوەکانی ئەو کەنااڵنەی کە هیچ مۆرکێکی کوردەواریان پێوە نییە هەموویان بەگشتی چەواشەکارییە بۆ بینەرو شاشە پڕکردنەوەو کات بەسەر بردن و کات بردنە سەرە بۆ مانەوەی بژێوی ژیانی ئەو کارمەندانەی لەوێ کار دەکەن تێکڕای ئەو مەهزەلەیەی دۆبلاژ کراوەو ناویان ناوە دراما هەمووی چەواشەکاریە بۆ خێزان و تاکی کوردی واتە هیچیان بەباش نازانم وکوالێتیان لە ژێر سفردایە.


دەبێت چی بکرێت بە بژێونی ئێوە تا بینەری درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟

ئەو دەڵێت: ئەم پرسیارە جێی سەرسوڕمان نیە بۆ دراما تا بزانێ بینەر تۆراوە یان نا. کە ئێمەی فیلمساز یا ئەکتەری دراما یا دەرهێنەر یان سیناریست کە کاری باشمان کرد بینەر لەماڵی خۆیدایەو دەڕوانێت و پاشان باس و خواست دروست دەبێت لەماڵ و لە دەرەوەی ماڵ کەواتە تۆی هونەرمەند بە هەموو ستافەکانیەوە لەگەڵ پشت و پێشی کامێرا ئیشتان کردو سەرنجی بینەرتان ڕاکێشا ، کەواتە بینەر ناتۆڕێ لە دراما لە ماڵی خۆیدایەو کۆنترۆڵ بە دەست خۆیەتی وەک هۆڵی سینەماو هۆڵی شانۆیی تا ئارەزووی کرد دەچێت یان نا.

لێمان پرسی هیچ کاری هونەری تازەت هەیە؟

نەخێر، هیچ کارێکی تازەم نییە بەهۆی دوورکەوتنەوەم لە وڵات و هاوڕێیان ئەوە بۆ ماوەی چوار ساڵە مردووم چونکی دوورم لە کاروچاالکی هونەری.





یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی
هەمو دووشەمەیەک دەینووسێت

چەتە و دزەکانی دنیا ، سڵ لە هیچ ناکەنەوە، لەگەرمەی باڵاوبوونەوەی قایرۆسی کۆرۆنا و شڵەژانی باری دەروونی خەڵک، سێ چەتە لەشاری هۆنگ کۆنگ، بەچەقۆ هەڵیانکوتایە سەر سوپەرمارکێتێک و چەند کارتۆنێک قووتووی کلینیکسیان بردووە، پۆلیس دوو لەو دزانەی دەستگیر کردووە.
دوای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ، لە زۆربەی وڵاتان، خەڵک ڕوویان لەداکردنی کلینکس و خواردنی ناو قوتوو و ماسک و خواردەمەنی وشک کردووە، ئەمەی وایکردووە نرخی ئەو کەلوپەلانە بەرزببنەوە، هەندێک وڵات خەریکی هاوردەکردنی ئەو کەلوپەلانەن و لەهەندێک وڵاتیشدا کەمی کردووە.
بەهەر حاڵ، بزانە بەهاو ڕەوشت، لەم سەردەمەدا گەیشتۆتە چ ئاستێکی نزم و بووەتە چ زەلکاوێک، خەڵک لە لووتکەی نیگەرانی و دڵەڕاوکەدا دەژین و دەیانەوێت خۆیان لەو قایرۆسە بکۆژە بەدوورگرن، کەچی هەر مرۆڤە و دەست بۆکارێکی وا قێزەوەن دەبات کلینکس دەدزن تا لە بازاڕدا بەنرخێکی گران بیفرۆشن کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی مرۆڤ، کە لە قایرۆسەکە زۆر درندەتر بێت، زۆر دەشترسم کە هەر مرۆڤ ئەو قایرۆسەی دروست کردبێت، ئای دنیا چی بەسەرهات.